مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد /٦

# انعكاس مفهوم الاغتراب في القصائد الكردية للشاعر (جلال ملكشاه)

أ.م.د. فاروق محمد رضا [١]  حسن احمد حسين [٢]

Qaradaghif@gmail.com  hasan.ahmad@chu.edu.iq

١- جامعة حلبجة / كلية التربية الاساس / القسم اللغة الكوردية (متقاعد)

٢- جامعة چەرمووْ / حلبجة / كلية التربية / القسم اللغة الكوردية

**الكلمات المفتاحية**: الاغتراب، أنواع الاغتراب، جلال ملكشاه.

**كيفية اقتباس البحث**

رضا , فاروق محمد , حسن احمد حسين, انعكاس مفهوم الاغتراب في القصائد الكردية للشاعر (جلال ملكشاه),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Reflection of the Concept of Alienation in the Kurdish poems of ( Jalal Malaksha)

1. Prof. Dr. Farouk Mohamed Reda
2. Hassan Ahmed Hussein

1. Qaradaghif@gmail.com
2. hasan.ahmad@chu.edu.iq

1- University of Halabja / College of Basic Education / Department of Kurdish Language (Retired(

2- University of Charmo / Halabja / College of Education / Department of Kurdish Language

**Keywords** : Alienation, Types of Alienation, Jalal Malaksha.

**How To Cite This Article**
Reda , Farouk Mohamed , Hassan Ahmed Hussein , The Reflection of the Concept of Alienation in the Kurdish poems of ( Jalal Malaksha) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
Alienation is a psychological and social phenomenon inherently linked to human existence. As a concept that has accompanied humanity since its inception, it remains an enduring part of the human experience, finding profound reflection in artistic and literary works. Alienation is not merely physical displacement from one's homeland; rather, it is a profound sense of loss—of self, place, and life itself. With the progression of human



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

civilization across political, economic, and technological spheres, the tragedy of alienation has intensified, manifesting diversely in the works of writers and poets. This research, titled "Reflections of the Concept of Alienation in the Kurdish Poems of Jalal Malaksha," seeks to analyze the various forms of alienation manifested within the poet's literary texts.
The scope of our research includes only the Kurdish poems of Jalal Maleksha published in his book, which are (Jalal Maleksha (collection of his poetic works) and (Zray Znjiri Words Dilkan). In reaching the conclusions, the method (analysis-description) is used, which on the one hand introduces the concept of alienation and the history of alienation, its types are presented, on the other hand, poetic texts are analytically evaluated to reveal the types of alienation Introduction The first part of our research is entitled (A Theoretical Discussion of Alienation) which consists of two parts; It consists of (types of alienation, which includes (11) types of alienation (religious, self, social, economic, cultural, geographical, intellectual, political, technological, sexual, emotional.(
Part Two: This part is a theoretical and practical part, entitled (Alienation in Kurdish Poems of Jalal Maleksha) in which we discuss the types of alienation in Kurdish poems of Jalal Maleksha, which itself in (9) types They include alienation (religious, self, social, cultural, geographical, intellectual, political, sexual, emotional). Finally, we present the results of the study and a list of sources.

**الملخص**

يُعد الاغتراب ظاهرة نفسية واجتماعية متجذرة في الوجود الإنساني، وهو من المفاهيم التي رافقت الإنسان منذ بداياته وتستمر معه طالما بقي على قيد الحياة؛ ولذلك نجد له صدىً واسعاً في النتاجات الفنية والأدبية. لا يقتصر الاغتراب على البعد الجغرافي عن الوطن فحسب، بل هو ضياعٌ في المكان، والذات، والحياة. ومع تطور الحياة البشرية في المجالات (السياسية، والاقتصادية، والتكنولوجية)، تفاقمت تراجيديا الاغتراب وتعددت أشكالها في نتاجات الأدباء. يأتي هذا البحث الموسوم بـ (انعكاس مفهوم الاغتراب في القصائد الكردية لـ "جلال ملكشاه") كمحاولة لتحليل أنواع الاغتراب وتجلياته في النصوص الشعرية للشاعر.
يقتصر نطاق بحثنا على قصائد جلال ملكشا الكردية المنشورة في كتابيه (جلال ملكشا (مجموعة أعماله الشعرية)) و(زراي زنجيري كلمات دلكان). وللوصول إلى النتائج، نستخدم المنهج التحليلي الوصفي، الذي يُعرّف مفهوم الاغتراب وتاريخه، ويعرض أنواعه، ويُقيّم النصوص الشعرية تحليليًا للكشف عن هذه الأنواع. مقدمة: الجزء الأول من بحثنا بعنوان (مناقشة نظرية للاغتراب)، ويتكون من جزأين؛ الأول يتناول (أنواع الاغتراب، والتي تشمل ١١ نوعًا: ديني، ذاتي، اجتماعي، اقتصادي، ثقافي، جغرافي، فكري، سياسي، تكنولوجي، جنسي، وعاطفي).
الجزء الثاني: وهو جزء نظري وعملي، بعنوان (الاغتراب في قصائد جلال ملكشا الكردية)، نناقش فيه أنواع الاغتراب في قصائد جلال ملكشا الكردية. تُصنّف هذه الدراسة إلى تسعة

أنواع، تشمل الاغتراب (الديني، والذاتي، والاجتماعي، والثقافي، والجغرافي، والفكري، والسياسي، والجنسي، والعاطفي). وأخيرًا، نعرض نتائج الدراسة وقائمة بالمصادر.

## ڕەنگدانەوەی چەمکی نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی (جەلال مەلەکشا)دا

پ.ی.د. فاروق محمد رضا [١] حسن احمد حسين [٢]

Qaradaghif@gmail.com hasan.ahmad@chu.edu.iq

١- زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت /بەشی کوردی (خانەنشین)

٢- زانکۆی چەرموو/ هەڵەبجە / کۆلێژی پەروەردە / بەشی کوردی.

**پوختە**

نامۆبوون دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و پەیوەستە بەژیانی مرۆڤەوە و یەکێکە لەوچەمکانەی لەسەرەتای بوونەوە لەگەڵ مرۆڤ هاتووە ، هەتا مرۆڤیش لە ژیاندابێت ئەم چەمکە لەگەڵی دەژییت ، بۆیە لەنێو کارە هونەری و ئەدەبییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە ، نامۆبوون تەنها دووربوون نییە لە زێدی خۆت بەڵکو نامۆبوون ون بوونە لە شوێن لە خود لە ژیان ، کە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ لە بواری (سیاسی ، ئابووری ، تەکنەلۆجی ..)تراژیدیای نامۆیی زیاتر پەرەی سەندووە و ڕەنگدانەوەی هەبووە لە کارە ئەدەبییەکانی ئەدیباندا بووە بەهۆی هەمەجۆری جۆرەکانی نامۆبوون لە بەرهەمەکاندا. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕەنگدانەوەی چەمکی نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشا)دا هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی جۆرەکانی نامۆبوون لەدەقە شیعرییەکانی شاعیردا .

کلیلە وشە : نامۆبوون ، جۆرەکان ، جەلال مەلەکشا.

## پێشەکی

نامۆبوون بابەتێکی هەنوکەیی و مێژووییە ، کە تایبەتە بە لایەنی دەروونی خودی مرۆڤەوە لەلایەك و لەلایەکی دی پەیوەست بەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە کە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە ،کە خاوەنی بەهایەکی زانستییە و پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ و بەردەوام هەیە ، شیعر و ئەدەبیاتیش بەگشتی دابڕاو نییە لەلایەنی دەروونی و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا ، کە وەك وێستگەیەك ئەو ڕووداوانە لەئەدەبدا ڕەنگدەدەنەوە و هۆکارن بۆ دوورکەوتنەوەی تاك لە زێد و لە کۆمەڵگا و دووچاری نامۆیی ببن.

### ناونیشانی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی چەمکی نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشا)دا ئەنجام دراوە. تێیدا هەوڵ دراوە پەیوەندی نێوان باری دەروونی شاعیر و ژینگەی

دەوروبەری لە ڕێگەی تێڕی ئەدەبی و دەروونییەوە شی بکرێتەوە، واتا لەڕێگەی زاراوەی نامۆبوونەوە باری دەروونی شاعیرو ژینگەی دەورووبەری لە شیعرەکانیدا شی دەکرێتەوە. پاشان لایەنی هونەری دەقەکان دەپشکنێت و باس لە وێنە، زمان و هێما ، هۆکارەکان و جۆرەکانی نامۆبوون دەکات وەک ئامرازی دەربڕینی نامۆبوون.

## گرنگی توێژینەوەکە:

١- ئەم توێژینەوەیە دەست دەخاتە سەر یەکێک لە قووڵترین چەمکە فەلسەفی و دەروونییەکان (نامۆبوون) لەناو دەقەشیعرییەکانی جەلال مەلەکشادا ، کە مەلەکشا شاعیرێکە کە ژیانی تایبەتی و سیاسیی پڕ بووە لە هەوراز و نشێو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر دەقەکانی هەبووە و بووە بەهۆی هەمەجۆری جۆرەکانی نامۆبوون لە شیعرەکانیدا.

٢- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە شاراوەکانی شیعری مەلەکشا و چۆنیەتی دەرخستنی ئازارەکان لەدەقە شیعرییەکاندا،

## ئامانجی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی هۆکارەکان و جۆرەکانی نامۆبوون (نامۆبوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، خودی..) لە شیعرەکانی مەلەکشادا وپاشان خستنەڕووی ئاست و شارەزایی و پاشخانی ئەدەبی و مەعریفی جەلال مەلەکشا لە توانای بەکارهێنانی کەرەستە هونەرییەکانی وەك (وێنە، زمان، هێما) کە شاعیر بۆ دەربڕینی حاڵەتی نامۆبوونی خۆی بەکاری هێناون .

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە لەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت: ئایا نامۆبوون لای جەلال مەلەکشا تەنها حاڵەتێکی دەروونی کاتییە، یان ڕەگ و ریشەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی هەیە؟ پاشان لێهاتوویی شاعیرلە نیشاندانی جۆرەکانی نامۆبوون لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاردا ، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ توشبوونی نامۆبوونی شاعیر، چۆن دەخرێتەڕوو.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکەمان تەنها ئەو شیعرە کوردییانەی جەلال مەلەکشا دەگرێتەوە کە لە دیوانەکەیدا چاپ کراون ، کە بریتین لە (جەلال مەلەکشا (کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ) و (زرەی زنجیری وشە دیلەکان ) ئەو شیعرانەمان هەڵبژاردووە ،کە بۆ سنوری توێژینەوەکەمان بەگونجاوترمان داناون و بەشێوەیەکی پراکتیکی شیکردنەوەمان بۆیان کردووە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە گەیشتن بە ئەنجامەکان، میتۆدی (شیکاری-وەسفی) بەکارهاتوەوە، کە لە لایەکەوە ناساندنی چەمکی نامۆبوون و مێژووی نامۆبوون، جۆرەکانی دەخرێتەڕوو ، لە لایەکی تریشەوە بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

شێوازێکی شیکارییانە دەقە شیعرییەکان هەڵدەسەنگێندرێن بۆ دەرخستنی جۆرەکانی نامۆببون لە لای شاعیر

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە دووبەش پێکهاتووە ؛ بەشی یەکەم : بەشی تیۆری توێژینەوەکەمانە بەناونیشانی (باسێکی تیۆری لەسەرنامۆبوون ) کە لە دوو پار پێکهاتووە ؛ پاری یەکەم پێکهاتووە لە (زاراوەی نامۆبوون ، چەمکی نامۆبوون) ، پاری دووەم پێکهاتووە لە (جۆرەکانی نامۆبوون ، کە خۆی لە (١١) جۆردا دەبینێتەوە کە بریتین لە نامۆبوونی (ئاینی ، خودی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری ، ڕۆشنبیری ، جوگرافی ، فکری ، ڕامیاری ،تەکنەلۆژی ،سێکسی ، سۆزداری ).

بەشی دووەم : ئەم بەشە بەشێکی تیۆری و پراکتیکییە ، بەناونیشانی (نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا) کە تێیدا باس جۆرەکانی نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا دەکەین کە خۆی لە (٩) جۆردا دەبنێتەوە و بریتین لە نامۆبوونی (ئاینی ، خودی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، جوگرافی ، فکری ، ڕامیاری ، سێکسی ، سۆزداری ).

لەکۆتاییدا : ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتەڕوو.

**بەشی یەکەم : باسێکی تیۆری لەسەرنامۆبووون**

**١/١-١ زاراوەی نامۆبوون :**

بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر چەمك و زاراوەی نامۆبوون کارێکی هێندە ئاسان نییە ، لە بوارەکانی (فەلسەفە ، سیاسی ،دەروونی ، ئاینی، تەندروستی ، کۆمەڵایەتی ، پەروەردەیی ) لێکۆڵینەوەی لەسەردەکرێت و پسپۆڕان و شارەزایان هەریەکەیان هەوڵدەدەن لەبواری پسپۆڕی خۆیەوە لەم زاراوەیە بکۆڵنەوە تا بگەن بە ئامانجێك . سەبارەت بە زاراوەی نامۆبوون ((ڕەگ و ڕیشەی وشەکە (Alienation)ی لاتینییە ، لەکاری ( Alien are)ەوە وەرگیراوە ، کە واتاکەی ئەوە دەگەیەنێت ، کە خاوەندارێتی لە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر ، یاخود بەمانای داماڵین (ڕووت بوونەوە) دێت ، کە ئەمیش لەکارێکی تر وەرگیراوە ، کە ( Alien us)ە بەمانای سەربەخۆنەبوون دێت (سەربەیەکێکیتر ) (شاخت ، ١٩٨٠ ، ٦٧) لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خاوەندارێتی شتێك لە کەسی یەکەمەوە کە خاوەنی شتەکەیە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر بەبێ ڕەزامەندی خاوەنی شتەکە ، یاخود لەکاری ( Alien us) ئەوە دەرکەوێت کە مرۆڤ ئەوکات نامۆ دەبێت کە نەتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات و بە فکرەی ئەوانی تر بیربکاتەوە ، کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی لەدەستدانی بیر .

لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی نامۆیی ( Alienation) تا ئێستا جێگیر نییە و چەندەها زاراوەی وەکو (غربة ،التغريب ، التغرب ، الاستلاب ، الألينة ، الإنسلاخ ) ی بۆ بەکاردێت (المولد ، ٢٠٠٧ ،

٢) هەروەهاله زمانی عەرەبیدا ((وشەی (إغتراب ) بەرامبەر نامۆبوون بەکاردێت ، کە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی سێ پیتی (غ ر ب) )) (العتيبي ، ٢٠١٨ ، ١٣ ) لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە (الاغتراب ) هاتووە، هەندێکجاریش (الغربة) یان (الغرب) بەکاردێت ، بەواتای دوورکەوتنەوە لە نیشتمان دێت ، واتا کەسێك لە وڵاتی خۆی دووربێت ، یاخود دووکەس لەیەکتر دووربکەونەوە ))(إبن منظور ، ١٨٨٢ ، ٦٣٩ ) ئەمە جگە لەوەی هەر لە زمانی عەرەبیدا بەواتای (ونبوون)یش دێت ، کاتێك کەسێك کەسایەتی و بوونی خۆی لەدەست بدات ، پێویستی بە شۆڕش و دەرچوون لە شێوەکەی خۆی دەبێت بۆ ئەوەی کەسایەتی و بوونی خۆی بۆ بگەڕێتەوە (عمر ، ٢٠٠٨ ، ١٦٠)

لە زمانی کوردیدا زاراوەی نامۆبوون لە فەرهەنگەکاندا ئاماژەی پێکراوە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە . لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە) ی (هەژارموکریانی)دا، وشەی (نامۆیی) بەواتای (بێگانەیی) هاتووە و بۆ (خودی کەسی نامۆ)وشەکانی (بیانی ، بێگانە ، غەوارە ، غەریبە) ی بەکارهێناوە )(موکریانی ، ١٣٤٩ ، ٨٥٧) پاشان لە فەرهەنگی (خاڵ)دا بۆ وشەی (نامۆ) واتای (غەریب)ی بۆبەکارهێناوە بۆ وشەی (نامۆیی) واتای (بێ خەوی ، بێ کەیفی ) بۆ بەکارهێناوە (خاڵ ، ٢٠٠٥، ٤٦٨) لە فەرهەنگی (کوردستانیکا) بۆ زاراوەی نامۆیی چەند وشەیەك بەکارهاتووە وەکو(بیانێتی ، بێگانەیی ، گۆشەگیری ، تەنیایی ، لەخۆنامۆبوون ، خۆلێ گۆڕان ، ، لەخۆبوونەوە ، بێ خۆیی ، ڕاگوێستن)(جەوشەنی ، ٢٠١٥ ، ٧٦)

بەکارهێنانی زاراوەی (نامۆ ، نامۆیی ، نامۆبوون )لەزمانی کوردیدا بەپێی شوێن و جێگەی بەکارهێنان و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێت .ئەم زاراوەیە لەرووی بەکارهێنانەوە زۆرفراوانە و هەرکەسێك بەپێی پێویستی شوێن و جێگەی خۆی لە قسەکردن و نووسین و بەرهەمە ئەدەبی و ئەکادیمییەکاندا ، چۆن بگونجێت بە ئەوشێوەیە بەکاری دەهێنێت ، کە ئەمەش سنوورفراوانی زاراوەکە دەگەیەنێت ، کە دەکرێت بەپێی گونجان و بەڵگەهێنانەوە ساغبکرێتەوە کە مەبەست لەکام جۆری بەکارهێنانیەتی.

لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو نووسینانەی کە بۆ زاراوەی نامۆیی کراوە ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زاراوەی نامۆیی لێکدانەوەی زۆری بۆکراوە ، چونکە بابەتێکی زیندووی سەردەمیانەیە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێت، کە ئەمەش بەهۆی جیاوازیی پسپۆڕی ئەو کەسانەی کە لەسەرئەم بابەتە دواون و نووسینیان لەبارەیەوە هەیە ، بۆیە بۆئەوەی زاراوەی نامۆیی واتای خۆی بگەیەنێت ، دەبێت پێشتر حاڵەتەکە بزانین ، هەروەها بۆئەوەی بە تێگەیشتنێکی باشتر بگەین ، دەبێ هۆکارەکان و کارتێکردنیان لەسەرمرۆڤ و دەوروبەربزانین .

**٢-١/١چەمکی نامۆبوون :**


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دیاریکردن و باسکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو ، کە هەموو لایەنە جیاوازەکان لەخۆبگرێت کارێکی ئەستەمە ، چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی زیندووی سەردەمە و لە زۆر لایەنەوە جێگای گرنگ و بایەخ پێدانە و تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ زانستەکانی تردا هەیە و شارەزایان و بیرمەندان بۆچوونی جیاواز و تێڕوانینی هەمەجۆر دەخەنەڕوو و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی دەکۆڵرێتەوە ، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی پێناسەکان بۆ ئەم چەمکە جیاواز و فرەلایەن بن .

چەمیك نامۆیی لە بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکانەوە بریتییە لە (گرفتێکی فەلسەفی و ئابووری و دەروونناسی ، کە زۆرێك لە فەیلەسوفەکان خۆیان لەقەرەی ئەو دیاردەیە داوە و باسیان لێوە کردووە ، بەڵام هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ دیاردەکە هەبووە بەپێی بارودۆخەکە و فکری جیاوازی بیرمەندەکان لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بۆکراوە ))(سەعید ، ١٩٩٨ ، ٣)

لە یەکێك لە پێناسە سادەکاندا نامۆیی ((بریتییە لە دۆخێکی سایکۆ کۆمەڵایەتی ، کە لە کات و شوێنی نادیاردا دووچاری بونەوەر دەبێت و بەهۆی ئەوەوە هەست بە نامۆیی و دووری و ئاوارەیی دەکات ))(ئاغۆك ، ٢٠٠٣ ، ١٦) بەم پێیە نامۆبوون دیاردەیەکە کە هەردوولایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن ، بۆیە هەندێکجار نامۆیی دوورکەوتنەوەی تاکە لە خودی خۆی هەندێکجاریش لە کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی پێوەرەکانی ئەوکۆمەڵگایە یە ، کە تاك تیایدا توانای گۆڕینی نییە ، بۆیە بەدوای جیهانێکی تردا دەگەڕێت ، کە خۆی تێیدا سەرکردەبێت ، بۆیە کە توانای گۆڕینی نییە ، چونکە جیهانێکی خەیاڵی هەیە بۆ جێگرەوەی ئەو شوێنەی کە لێی نامۆیە .

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە (ڕۆسۆ ) نامۆبوونی تاك بەهۆی بێ ئاگاییە لە بوونی خۆی کە پێویستە تاك سەرکردە بێت بۆخۆی و دەوروبەری نەك ژێردەستە بێت بە داب و نەریتی کۆمەڵگا ، بۆیە (ڕۆسۆ) پێی وایە کە (( نامۆبوون دابڕانی خودە لە جەوهەری کۆمەڵایەتی ، ئەمەش دەرئەنجامی نەفی بوونی ئاگایی تاك بە ڕاستێتی (بوون و وجودی ) و دەستەمۆبوون و هاتنەخوارەوەی لەمافی خۆی لە سەرکردایەتی کردنی خود بۆ دەوروبەر ، واتا تەنازولکردنی تاکە لە سەربەخۆیی و یەکانگیری لەگەڵ جەوهەری کۆمەڵایەتی ))(الحامدی ، ٢٠٠٣، ٤) بۆیە تاك لەکۆمەڵگادا تووشی نامۆیی دەبێت ئەگەر بێت و تاك هەست بە کەمێتی خۆی بکات لە ناوکۆمەڵگادا .

لەڕووی دەروونییەوە (ئەریك فرۆم) دەڵێت (( نامۆبوون شکست هێنانە لە کارلێکی نێوان هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ))(الحامدی ، ٢٠٠٣، ٤) فرۆم پێی وایە مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکی بایۆلۆژی نییە ، بەڵکو بەرهەمی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ، کاتێك نامۆبوون ڕوودەدات کە مرۆڤ هەست بە خودی ڕاستەقینەی خۆی ناکات بەهۆی گوشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، کە ئەمەش دەبێتە شکستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان پێویستییە دەرونییەکان (ئازادی ، ئارەزوو، داهێنان ، هەستەکان) و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان (گوێڕایەڵی ، کارکردنی زۆر...)، بۆیە نامۆبوون تەنها نەخۆشییەکی دەروونی نییە کە لەناومێشکی تاکدا بێت

بەڵکو ئەنجامی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕێگرە لەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی و داهێنەرانە گەشەبکات.

نامۆیی بەلای کەریم شەریف قەرەچەتانییەوە ((دیادەیەکی دەروونییە و لە ئەنجام کارلێککردنی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت ، لەوانە هەژاری و لێقەومان و کارەساتی دڵتەزێن و نەبوونی هێز و پاڵپشت و پەنا و چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان بەشێوەیەك تاك هەست بکات پشتگوێ خراوە و هیچ بەهاو نرخێکی لەژیاندا نییە ))( قەرەچەتانی، ١٩٩٩ ، ٥٤ ) بەم پێیە نامۆیی دەگەڕێتەوە بۆکێشە و گیر و گرفتەکانی ژیان و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی و پاشان پەراوێزخستنی تاك ، کە ئەمانەش کار لە دەرون دەکەن و تاك توشی نامۆیی دەکەن .

نامۆبوون بریتییە لە حاڵەتێکی دەرونی سۆزداری کە هەستکردنە بە گۆشەگیری و جیابوونەوەلە پەیوەندییە کەسییەکان ، کۆمەڵایەتییەکان و پیشەییەکان. کەئەم جیابوونەوەیەش دەبێتە هۆکاری نامۆبوون .

بۆیە لێرەدا دەڵێین نامۆیی یەك پێناسەی نییە و تەنیا لە یەك تێڕوانینی ئەبستراکەوە تەماشا ناکرێت و چەمکێکی فرە ڕەهەندە و کێشەی تەنها زانستەمرۆڤایەتییەکان نییە و تەنها زانستێك ناتوانێت خۆی پێوە سەرقاڵبکات بەڵکو نامۆیی دیاردەیەکە دەبێت لە ڕێگای جیاواز و گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشابکرێت و بە دیدی زانستی فراوانەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت.

**٢/١جۆرەکانی نامۆبوون :**

نامۆبوون وەك دیاردەیەك لەناو کۆمەڵگای مرۆییدا بوونی هەیە ، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادا لەهەموولایەنێکەوە ،کاریگەری ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت . بۆیە تەنها یەك جۆر نامۆبوون نییە ، بەڵکو زیاد لەچەند جۆرێك هەن ، کە بەپێی تێپەڕبوونی کات و کۆن بوونی مێژووی مرۆڤایەتی ، جۆرەکانی نامۆبوون ڕووی لەزیادبوون کردووە ((لەئەنجامی قورس بوون و ئاڵۆزبوونی ژیان و فراوانبوونی عەقڵی مرۆڤ و پیشەکەوتنی ڕەوتی زانست و تەکنەلۆژیا و زیادبوونی داواکارییەکانی مرۆڤ بۆ پێداویستییەکانی ، هەروەها خۆخەریککردنی مرۆڤ بە بەها مادییەکان و دوورکەوتنەوە و پشتگوێخستنی بەها مەعنەوییەکان ، کە خۆی لە داب و نەریت و ڕەوشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان...تاد دەبینێتەوە ، ئەمە وای کردووە مرۆڤ لە بۆتەی ئاسایی خۆی دەربچێت و تووشی جۆرێك لە جۆرەکانی نامۆیی ببێت ))(قادر ، ٢٠١٠ ، ١٩ _ ٢٠) ئێمە لێرەدا بە ئەوجۆرانەی نامۆبوون باس دەکەین ، کە زۆرتر بڵاون و زیاتر دوچاری مرۆڤ دەبن ، کە ئەم جۆرانەن:

**١ / ٢- ١نامۆبوونی ئاینی :**

لە ئاینەکاندا باس لە نامۆبوونی ئاینی کراوە ، کە بەواتای دابڕان و دوورکەوتنەوە و لەخودا هاتووە . ئەم جۆرە نامۆبوونە بە کۆنترین جۆری نامۆبوون دادەنرێت ، چونکە پەیوەستە بە

دەستپێکی ژیانی مرۆڤەوە (( ئاینە دێرینەکان لەدەرەوەی واتا نوێیەکانی نامۆبوون ، جۆرێك تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان بۆنامۆبوون و بە جۆرێك لەجۆرەکانی نامۆبوونی مرۆڤیان خستووەتەڕوو . دەربڕینەکانی ئەوان لەڕووی مێژووییەوە کەوتووەتە پێش دەربڕینە فیکری و فەلسەفییەکان ، تەنانەت کەوتووەتەپێش دەربڕینەیاسایی و زمانەوانی چەمکەکە ))(مارف ، ٢٠١٦ ، ١٧٧ ) لێرەدا ئاماژە بە ئەوە دەکرێت ، کە نامۆبوونی ئاینی کۆنترە لە جۆرەکانی تری نامۆبوون و لەپێش دەربڕینە فەلسەفییەکانەوە بوونی هەبووە ، بۆیە بەسەرەتای نامۆبوونی مرۆڤ دادەنرێت ((هەرچەندە ئاینەکان جۆراوجۆرن ، بەڵام لەهەموو ئاینەکاندا ئەم جۆرە نامۆبوونە بوونی هەبووە ، هەریەکەیان شیکار و ڕاڤەی تایبەتیان لەجۆرو دروستبوون و دەرکەوتنی لای مرۆڤ بۆکردووە )) (علی ، ٢٠٠٨ ، ٥٢٥) کەواتە ئەم چەمکە لەمێژووی خۆیداباوەڕێکی ئاینی وەرگرتووە و پاشان بەهۆی گەشەکردنی هزری مرۆڤ و گەشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤ بەپێی قۆناغی مێژوویی ڕەهەندی تری وەرگرتووە.(قەشە پولس) لەنامەیەکدابە خەڵکی ئەفسوس دەڵێت((پێتان دەڵێم و سوێندتان بۆ دەخۆم بەیەزدان چیتر شوێن بت پەرستان مەکەون و ڕێبازە پوچەکەیان کوێرانە پیادەمەکەن ، ئەوانە بەهۆی دڵڕەقییانەوە لەژیان نامۆبوون ))(بۆکانی ، ١٩٩٩ ، ٢٣٥) بەم پێیە هەرلەکۆنەوە دوولایەن هەبوون، کە دژ بەیەك بوون بۆ دیاریکردنی هۆکاری نامۆبوونی ئاینی ؛ لایەنی یەکەم پێی وایە کاتێك مرۆڤ لە پەرستش و گوێڕایەڵی ئەو خودایەی کەدروستی کردووە لادەدات یان ڕێگا ڕاستەکەی لێ ون دەبێت ، ئەو کەسە توشی نامۆیی دەبێت ، بەڵام بە گەڕانەوە و دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست چارەسەری ئەو نامۆبوونە دەکات ، بۆیە مرۆڤ کاتێك هەست بەگوناهوتاوان دەکات و دواتر وازی لێ دەهێنێت و دەگەڕێتەوە و تەوبە دەکات ئەوە نامۆبوونەکەی نامێنێت و چارەسەر دەبێت ، هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (کل بنی ادم خطاء ، وخیر خطائین التوابوون ) واتە هەموو نەوەی ئادەم هەڵە دەکەن باشترینتان ئەوانەن کە دەگەڕێنەوە و تەوبەدەکەن . کە ئەمەش چارەسەری ئەو نامۆبوونە دەکات کە مرۆڤ بەهۆی هەستکردن بەتاوان دووچاری بووە . لە بەرامبەر ئەم لایەنە ، لایەنێکی تر پێیان وایە دروستکردنی خودایەك و پەرستنی لەلایەن مرۆڤەوە و گوێڕایەڵی بێت و کاروبارەکانی بداتە دەست ئەو خۆی بێ توانا نیشانبدات ، بەهۆی ئەمەوە توشی نامۆیی دەبێت ((مرۆڤ بەهۆی ئاینەوە دەستەوەستان و ملکەچ دەبێت لەبەرامبەر ئەوهێزەنادیارەدا کە خۆی تەسلیم بە ئەو کردووە ، تواناو دەسەڵاتی خۆی بەخشیوەتە ئاین و دامەزراوەکانی بۆئەوەی شتێکی بۆ بکەن ))(ئەنگلس ، ٢٠٠٥ ، ٢٤) کە لێرەدا مرۆڤ بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی خۆی لە بەرامبەر ئەو هێزە نادیارەدا نیشان دەدات ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ ، لە کاتێکدا ئەو هێزە نادیارانە هیچ نین جگە لە بەرهەم و توانای خودی مرۆڤ خۆی .

**١ / ٢- ٢نامۆبوونی خودی (دەروونی ) :**

به یەكێك لە جۆرەكانی نامۆیی دادەنرێت ، كە ئەمڕۆ بەرۆكی زۆربەی تاكەكانی جیهانی گرتووە ، ((زانایانی دەروونناسی پێناسەی دەكەن بەوەی بارودۆخێكی دەروونی ڕەفتارییە و تاك دووچاری دەبێت بەهۆی هەستكردن بە دووركەوتنەوە لە پەیوەندییەكانی)) (الجماعی ، ٢٠٠٧ ، ٥٨) بەم پێیە ئەم جۆرە خراپترین جۆری نامۆییە ، چونكە مرۆڤ بەخودی خۆی وابەستە نابێت ، بەڵكو زیاتر بەواتای هەستكردنی مرۆڤ بە جیابوونەوە لەخودی خۆی دێت و تێكچوونی شیرازەی پەیوەندییە خودییەكانی مرۆڤە لەناوخۆیدا ، كە لەوانەیە مرۆڤ بگاتە حاڵەتی دابڕان لە كۆمەڵگا و دەوروبەری و بەرەوگۆشەگیری و تەنیایی بڕوات ،پاشان (( لەگەڵ هەستكردن بە جۆرێك لە دڵەڕاوكێ دەربارەی ئەوبابەتانەی پەیوەندییان بەژیانییەوە هەیە ، هەرچەند ژیانێكی سادەی هەیە ، بەڵام هەست بەنارەحەتی و تاڵی ژیان دەكات ))(المغربی ، ١٩٩٦ ، ٧٧) مرۆڤ هەرچەند ژیانێكی سادەی هەبێت بەدوور نابێت لە دڵەڕاوكێی و قەلەق و نارەحەتییەكانی ژیان ، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ( هەستكردنی تاك لە دابڕان لە دەوروبەر یان لەخود یان لەهەردووكیان ))(نعیسة ، ٢٠١٢ ، ١٢٠)بۆیە لێرەدا ئەوە دەردەكەوێت كە نامۆبوونی خودی پەیوەندی بە خودی دەروونی مرۆڤەوە هەیە ، كاتێك مرۆڤ بە ئەم جۆرە نامۆبوونە دووچاردەبێت ، كاریگەری دەكاتە سەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی و بەرەوگۆشەگیری دەڕوات .

### ١ / ٢- ٣ نامۆبوونی كۆمەڵایەتی :

ئەم جۆرە لە نامۆیی بەهۆی نەگونجانی تاك لەگەڵ ئەوژینگە كۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی دروست دەبێت ، نامۆبوونی كۆمەڵایەتی ((بریتییە لەوەی تاك ناتوانێت لەناوكۆمەڵگادا بژی ، یان وا هەست دەكات پێویستی پێی نییە ، هەربۆیە ئەم نامۆبوونەش دەبێتەهۆی كەنارگیری تاك لە كۆمەڵگاكەی و كۆی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیانەی كە هەیەتی )) (النوری ، ١٩٧٩ ، ٢٥) دووركەوتنەوەی تاك لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ بیرو باوەڕو دابونەریتی كۆمەڵگا و پەنابردن بۆ كەنارگیری دەبیتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ ، هەربۆیە ((ئەگەر تاك لەگەڵ ئەوكۆمەڵگایەی تێیدا دەژی هەستی بە پچڕانی پەیوەندی كۆمەڵایەتی كرد و حەز و ئارەزوو و ئاوات و ڕاوبۆچوونەكانی (كەجیهانی ناوەوەی تاك پێكدەهێنێت )دژ بەو ئاوات و نەریتی كۆمەڵگاكەی بوو( كە جیهانی دەرەوەی تاك پێكدەهێنێت )نەتوانرا لێك بكرێتەوە و بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ كۆمەڵگا و دامەزراوەكانیدا لە ململانێدا بووە ، ئا لەم كاتەشدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی كۆمەڵایەتی دەكات ، خۆی بە تاكێكی ئەو كۆمەڵە نازانێت ))( قەرەچەتانی ، ٢٠١٠ ، ١٨٩ ) مرۆڤ لەبەرئەوەی بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە ، كە خۆی بەشێكە لە كۆمەڵگا ، بۆیە كاتێك مرۆڤ دەكەوێتە ناو چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتی دیاریكرا و ، كە بە كۆمەڵە یاسایەكی دیاریكرا و دەورەدراوە و كاتێك مرۆڤ هەست دەكات لەگەڵ بەشێك لەو یاسا و دابونەریتانەی

کۆمەڵگا نایەتەوە و نەگونجانێك دروست دەبێت ، کە ئەمەش دەبێتەهۆی هەستکردن بە نامۆبوون لەلای تاك .

**١ / ٢- ٤ نامۆبوونی ئابووری :**

بۆ یەکەمجار ئەم جۆرەی نامۆبوون لەلایەن(کارل مارکس) ەوە بەشێوەیەکی زانستی لە دەستنوسە ئابووری و فەلسەفییەکانی لەساڵی (١٨٤٤ ) دا خراوەتەڕوو . نامۆیی ئابوری لەلای مارکس ((بریتییە لەوەی بەرهەم لەژێر دەسەڵات و موڵکییەتی خاوەنەکەیدا دەربچێت و ببێت بەموڵکی کەسێکی دیکە ، ئەو کەسەش ئەوبەرهەمە بکات بەدارەدەستێك بۆ چەوساندنەوەی خاوەنی ڕەسەنی بەرهەمەکە ))(کەمال ، ٢٠٠١ ، ٦٣) لێرەدا ئاماژە بە ئەو بارودۆخە دەکرێت کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کرێکار بەرهەم بەرهەمدەهێنێت ، بەڵام لێی زەوت دەکرێت و بەوبەرهەمەی کە بەرهەمی هێناوە دەچەوسێنرێتەوە .

بەشێوەیەکی گشتی چینەکانی کۆمەڵگا ، کە چینی باڵاو ماماناوەند و کەم دەرامەت دەگرێتەوە، ئەم جیاوازیی چینایەتییە دەبێتەهۆی لەدەستدانی پێوەرو هێز و ئامرازەکانی تر لەلای چینە کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگا ، بەجۆرێك ناتوانن باڵادەستبن بەسەر ئەوسروشتەی کە هەیانە. ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ کەنارگرتنیان و چوون بەرەو بازنەی نامۆبوونەوە (الصنعانی ، ٢٠٠٩ ، ٤٢). بۆیە جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا هۆکارە بۆ نامۆبوونی چینی کرێکار و زەوتکردنی لەبەرهەمەکەی کە ڕەنج و ماندووبوونی پێوە کێشاوە

**١ / ٢- ٥ نامۆبوونی ڕۆشنبیری :**

جۆرێکە لە جۆرەکانی نامۆیی و دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری و هۆشمەندی تاکەکان ، بەواتای ئەوەی زیاتر کەسانی ڕۆشنبیر و هۆشیار دووچاری ئەم حاڵەتە دەبن ، ئەویش لە ڕێگەی خوێندنەوە وسەرنجدانی ئەوناوەندە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین (( هەرکاتێك هەست دەکەن ئەو کەش و هەوا ڕۆشنبیرییەی کە باڵی کێشاوە بەسەرناوەندی کلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا ، کۆن و چەقبەستوون و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان گەشە ناکەن ، ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیری گەل و جەماوەردێت لەلایەن تاکەکەسەوە ))(بۆکانی ، ٢٠٠٦ ، ٦٤) لایەنی ڕۆشنبیری کەسەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوە کە ئەزموونی تاك و بەرهەمی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییەکانە کە بەرهەمی هێناوە ، بۆیە دەگەینە ئەوڕاستییەی کە دەگونجێت کەسێك ئاستی مەعریفی ئەوەندە بەرزببێتەوە و هەست بکات کۆمەڵگاکەی بەجێ هێشتووە و جارێکی تر ناتوانێت بگەڕێتەوە ناویان ، بۆیە تووشی نامۆیی ڕۆشنبیری دەبێت و ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی وای لێ دەکات کە هەست بکات کەسێکی تاقانەیە و نامۆیە لەنێوکۆمەڵگادا.

هۆکارێکی تری نامۆبوونی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە بۆ هێنانی کلتوری بیانی بۆناوکۆمەڵگا((هێنانی بیروباوەڕو تیۆر و کەلتورو مۆدێل و ڕۆشنبیری بێگانەو سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگاکەی خۆتدا

کارێکە دوورە لەڕاستی ، چونکە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ڕۆشنبیریەکی تایبەت بەخۆی هەیە ))(عثمان ، ٢٠٠٨ ، ٣٤)

**١ / ٢- ٦ نامۆبوونی جوگرافی (شوێنی):**

دەکرێت نامۆبوونی جوگرافی بەنامۆیی (شوێن ) یان نامۆیی (نیشتمان)ناوببەین ، شوێن یان نیشتمان پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە و پەیوەندییەکە پەیوەندی ئەزەلییە ، هیچ مرۆڤێك نییە بتوانێت شوێنی لەدایك بوون و شوێنی گەورەبوونی بەئاسانی لەبیربچێتەوە ، کە وەکو مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەلای مرۆڤ دەمێنێتەوە ، بۆیە هەرکاتێك مرۆڤ بەهەرهۆکارێك بێت کە دووربکەوێتەوە لە شوێنی خۆی ، ئەم جۆرەی نامۆبوون دێتە ئاراوە ((شوێن لە یادەوەری مرۆڤدا پێگەیەکی تایبەت و گرنگی خۆی هەیە و بەتایبەت نیشتمان و شوێنی لەدایکبوون ، مرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی لەژێرکاریگەری هەژموونی ئەویادگاری و بیرەوەریانە دەربازبێت))(سەعدون ، ٢٠٠٩ ، ٢٩٢)

نامۆبوونی جوگرافی(( واتە دوورکەوتنەوە، دابڕان ، لەوڵات و خزم و کەس وکار ، جا بەزۆرەملێ بێت و ناچاربکرێت شوێنەکە بەجێ بهێڵێت ، کە هەندێ جار ئەمە دەبێتە نەفی کەسەکە ، واتە لە شوێنە غەریبەکەش دەست بەسەر دەبێت و ناتەوانێت بەئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە ، یاخود بەئارەزووی خودی کەسەکە دەبێت ، کە لەلایەنی سیایی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی شوێنەکەی بەدڵ نییە و لەگەڵیدا ناگونجێت و نارازییە و کۆچ دەکات بۆ جێیەکی دیکە ))(سەعید ، ٢٠١٢ ، ٤٧)بەجێ هێشتنی شوێن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەیەکی قورسە لەسەر هەست و نەستی مرۆڤ و کاردانەوەیەکی قوڵ لەسەر مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت ، بۆیە زۆرجار نوسەران یان شاعیران بەهۆی غوربەت و لە تاراوگە ژیاندا ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ڕوحییەی کە دروست دەبێت ، پەنا دەبەنەبەر بەرهەمهێنانی بەرهەمی و لە بەرهەمەئەدەبییەکاندا هەستی نامۆبوون ڕەنگدەداتەوە.

**١ / ٢- ٧ نامۆبوونی فکری(نامۆبوون لە بوون) :**

( هادیگەر) یەکێکە لە فەیلەسوفە بوونگەراییەکان و نامۆبوونی فکری لەلای بوونگەراییەکانەوە سەری هەڵداوە ، هادیگەر پێی وایە ژیان دووشێوازی هەیە ، یەکەمیان شێوازی ڕەسەن و دووەمیان شێوازی نارەسەن ، لە شێوازی ڕەسەندا بوون بڕیاری خۆی دەدات و شێوە و ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت لەڕێگەی بڕیار و هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە ، بەڵام شێوازی نارەسەن ئەو بوونەیە کە لەناو ئێستادا غەرق بووەو بڕیارنامە و پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان بڕیاری لەسەردەدەن ، کەواتە نامۆبوون بەندە بە شێوازی نارەسەنەوە ، کە تیایدا مرۆڤ دوورە پەرێز دەبێت و لەبوونی ڕەسەنی خۆی جیادەبێتەوە.(بۆکانی ، ١٩٩٩ ، ٢٣٥) ئەم جۆرە نامۆبوونە زیاتر پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیە لەژیان و هەمیشە ئەوەی لەبەرچاوە کە رۆژێك لە ڕۆژان ژیان بەجێ دەهێڵێت و هەروەکو چۆن مرۆڤەکانی تر ژیانیان بەجێ هێشتووە و

ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە ، بوون بابەتێکە کە بوونگەراکان زۆر گرنگی پێ دەدەن و لەبارەیەوە دواون((بوونگەرایيەکان پێیان وایە ژیانی مرۆڤ هیچ بەهاو ئامانجێکی لە پشتەوە نییە و مرۆڤ لە بوونی خۆیدا ئەم بۆشاییە دەپێوێت ، کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە ، واتا ئاکامی ژیان مادام بەمردن کۆتایی دێت ، ئیتر هیچ پێویست بە ئەوە ناکات خۆی بەبوون و ژیانەوە سەرقاڵ بکات ، کەواتە دەتوانین لەژێرناوی نامۆبوونی فکری باس لەنامۆیی لەبوون بکرێت ))(قادر ، ٢٠٠٧ ، ٢٦)

## ١ / ٢- ٨ نامۆبوونی ڕامیاری (سیاسی ):

ئەم جۆرە بەیەکێك لە بەربلاوترین جۆرەکانی نامۆبوون دادەنرێت بەتایبەت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ، نامۆبوونی سیاسی وا خراوەتەڕوو ، کە ئەو دۆخەیە شێوە و دەرکەوتەکانی بەلاوازی سیاسی دەست پێدەکات ، وەکو ئاماژەکردن بەوەی کەسی نامۆ توانای ئەوەی نییە کە بڕیاری کاریگەربدات لەلایەنی سیاسییەوە، هەروەها پێوەر و ڕێسا ڕێکخراوەکانی بۆ کاری سیاسی لێ ون دەبێت ، بە واتایەکی تر مرۆڤ هەست بە نەبوونی ڕۆڵی خۆی دەکات لە پرۆسەی سیاسیدا و بڕیاربەدەستەکان هیچ گرنگی پێ نادەن و بەهەند وەری ناگرن(خلیفە ، ٢٠٠٣ ، ٩٧)واتە لە ئەنجامی بەشداری پێ نەکردنی تاك لە کاری سیاسیدا دەبێتە هۆی لاوازی تاك و نامۆبوونی ، چونکە ((نامۆبوونی سیاسی دۆخێکی ناڕازیبوونە لە ڕەوشی سیاسی و هاوکات نەبوونی متمانەیە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی و کۆی سیستەمەکە بەگشتی ، لەگەڵ بێهێزیی لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست)) (عبدالوهاب ،٢٠٠٠ ، ١١٧).

دەتوانرێت بوترێت ((نامۆیی سیاسی بریتییە لە ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەم و نەریتە سیاسیانەی ، کە لەگەڵ خواست وئامانج و داواکارییەکانی تاك یەك ناگرێتەوە))(قادر ، ٢٠٠٧ ، ٢٢)بۆیە هەرکاتێك ئەومەبەست و دروشمە سیاسیانەی کە پەیڕەو دەکرێن لە وڵاتدا لەلایەن کاربەدەستەوە ، ئەگەر ئەو مەبەست و دروشمانە ناتەبا بوو لەگەڵ ئامانجی تاکەکاندا و کاربەدەست لەڕێگەی زەبر و زەنگەوە هەوڵی سەپاندنی دا و پەنای بردە بەر توندوتیژی وەك میکانیزمێکی جێبەجێ کردن ، ئەوا ئەوکات دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە نامۆییە.

## ١ / ٢- ٩ نامۆبوونی تەکنەلۆژی :

تەکنەلۆژیا بریتییە لە ((کەرەستە و هۆکار لە بەکارهێنانی کردەیی جێبەجێ کردن کە لەڕێگای تەکنەلۆژیاوە مرۆڤ دەتوانێت پێشکەوتن بەدەست بهێنێت و کەموکوڕی پڕبکاتەوە))(حسێن ، ٢٠٢٠، ٢) بۆیە لەگەڵ فراوانبوونی کۆمەڵگا و گەشەسەندنی بیری مرۆڤ و گەران بەدوای داهێناندا ، بوو بەهۆی ئەوەی چەندین ئامێر و ئامرازی ئەلیکترۆنی بە جۆر و شێوەی جیاواز بهێنێتە ئاراوە ، کە ئەمەش دوولایەنی هەیە ، لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی ، (( پێشکەوتنی

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

کۆمەڵگا لەڕووی تەکنەلۆژیاوە خزمەتێکی زۆری بە مرۆڤ کردووە و بووە بەهۆی کارئاسانی لەهەموو لایەنەکانی ژیان ، کە ئەمەیان لایەنی ئەرێنی تەکنەلۆژیا دەگرێتەوە ، بەڵام نامۆبوونی تەکنەلۆژی خۆی لەلایەنی نەرێنی تەکنەلۆژیا دەبینێتەوە))(قادر ، ٢٠١٠ ، ٢٦) کەواتە تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بۆکارئاسانی کاروباری مرۆڤ داهێنراوە ، هەرکات ئەم ئامانجە بەدی نەهات یاخود بەخراپ شکایەوە و بۆ خراپە بەکارهات و مرۆڤ بووبە کۆیلەی تەکنەلۆژیا  ئەوە دەبێتە کێشە بۆ تاك و بۆ مروڤایەتی و مرۆڤ بەرەو خۆ ونکردن و بەرەو نەخۆشی سایکۆلۆژی و دوورەپەرێزی دەڕوات و نامۆ دەبێت بە کۆمەڵگاو دەورووبەر، کەواتە تەکنەلۆژیا مرۆڤێك لە ئامێر بەرهەم دەهێنێت ، ئەودنیایەی کە تەکنەلۆژیا بەرجەستەی دەکات لەیەك کاتدا خزمەتکردنە بەمرۆڤ و لەهەمانکاندا هەڕەشەی گەورەیە لەسەرمرۆڤ.

**١ / ٢- ١٠ نامۆبوونی سێکسی :**

غەریزەکانی مرۆڤ لەگەل لەدایکبوونی مرۆڤ لەدایك دەبن ، سێکیش یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ و لەگەڵ لەدایکبوون و گەشەسەندنی مرۆڤدا ئەمیش لەدایك دەبێت و پەرەدەسێنێت .لێرەدا ((نامۆبوون پەیوەندی بە تێکچوونی تێڕوانینی مرۆڤەوە هەیە بۆ مەسەلە سێکسییەکان ، ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات ، کە وەك کەرەستەیەك بۆ تێرکردنی غەریزەیەکی دیاریکراو تەماشای سێکس بکرێت و بەها رۆحییەکانی لێ دابماڵرێت و کرین و فرۆشتنی پێوەبکرێت ))(بۆکانی ، ١٩٩٩ ، ٢٣٤)کاتێك پەیوەندییە سێکسییەکان بۆ پەیوەندیەکی کالایی دەگۆڕێت ، ئەوا ئەرکە مرۆییەکانی خۆی لەدەست دەدات . سێکس جگە لەوەی حەزێکە لەنێوان دووڕەگەز ، وەك یەکێك پێویستییە بنەڕەتییەکان بۆ بەدرەوامبوونی ژیان سەیردەکرێت ، بەلام کاتێك ئەم پەیوەندییە لەبارە ئاساییەکەی خۆی دووردەخرێتەوە ، دوورخستنەوە بەومانایەی سانسۆرێك دروست ببێت ئەم حەزە تێرنەکرێت ، کە هۆکارەکەی چ ئابووری یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی بێت ، ئەوە دەبێتە هۆی نامۆبوون ، لەم حاڵەتەدا نامۆبوونەکە زیاتر پەیوەستە بە نەتوانینی کارێك بەرامبەر بەورێگریانەی کە هەیە .

**١ / ٢- ١١ نامۆبوونی سۆزداری :**

خۆشەویستی هەستێکە لەهەمووکاتێکدا بوونی هەیە ، ئەوخۆشەویستییە بۆ کەسێکی دیاریکراوبێت ، یان بۆ ئەندامانی خێزان بێت ، یان بۆ هەرشتێکی تربێت لە ژیانی مرۆڤدا .کەواتە نامۆبوونی سۆزداری بریتییە لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست ، بەهۆی دابڕان یان بەهۆی لەیەکترنەگەیشتن یاخود بەهۆی چەندەها فاکتەری ترەوە (قادر ، ٢٠٠٧ ، ٣٨) مەبەست لە دابڕان کەدەکرێت دوو واتا لەخۆی بگرێت ، کە دەگونجێت بەواتای ئەوە بێت کە دووخۆشەویست لەیەکتر دابڕێن و بەیەکتر نەگەن ، یاخود بەواتای ئەوەبێت کە مەبەست لە لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست و مردنی کەسێکی ئازیز .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**بەشی دووەم :جۆرەکانی نامۆبوون لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا**

**١/٢-١ نامۆبوونی ئاینی :**

ئاین ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ، بەڵام ئاینێك کە خوداوەند دای نابێت ، یاخود کۆمەڵگە لەسەری ڕێك کەوتبن ، کە ئەو ئاینە ببێت بە مایەی خۆشحاڵی و پێکەوەژیانی کۆمەڵگا ، نەك ئاینێك کە دەسەڵات یان داگیرکەر و زۆردار بیچەسپێنێت بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە نێوان مرۆڤ و خوداوەندەوە و بەشێك لە زانایان سەرچاوەی ئەم نامۆبوونە دەگەڕێننەوە بۆ هەستکردن بە تاوان و بەشێکی تریان دەیگێڕنەوە بۆ خۆبەکەمزانینی مرۆڤ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا ، بۆیە پەنا دەباتە بەر هێزێکی تر بۆ ئەوەی کێشەکانی بۆ چارەسەربکات. شیعری «تەنیا» یەکێکە لە قووڵترین کارەکانی جەلال مەلەکشا کە تێیدا ململانێی نێوان "ئەفسانەی ئایینی" و "واقیعی تاڵ" نیشان دەدات.

**تەنیا**

تەنیا و غەریب

لە چوار ڕێیانی گەردوونا ڕاوەستاوم

وەکو باوە ئادەم تەنیا

لە خاکێکی ڕەش خولقاوم !

بەهەشتی خوام لەبەر حەوا فڕێ داوە

بەڵام حەوا ...

لە دواژوانگەی بەر جەننەتی چاوەکانیا

سێوی کاڵی دڵی بردم

ڕۆیی و ئیتر نەهاتەوە

ئێستا ، تەنیا ، تەنیا ، تەنیا

لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا ، سەرگەردانم !

وەك شەپۆلێکی یاخیم و

لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم

هیچ بەندەرێك باوەشم بۆ ناکاتەوە !

ئێستا ، لێرە ، شاعیرێکم

زامەکانم دەهۆنمەوە

گۆرانی بێژێکی تەنیام و لە شەوێکی بێ بواردا ...

خەمەکانم دەنووسمەوە ! سالی ٦٨ (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ١٨ )

شاعیر شیعرەکە بە بەراوردکردنی خۆی و "باوە ئادەم" دەست پێ دەکات: کاتێك دەڵێت(وەکو باوە ئادەم تەنیا / لە خاکێکی ڕەش خولقاوم! )لێرەدا نامۆبوونەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە شاعیر پرۆسەی خولقاندن وەک سزادان دەبینێت. لە ئاییندا خولقاندنی ئادەم و نەوەکانی وەک ڕێز لێنان باس دەکرێت(ولقد کرمنا بنی ادم ) ، بەڵام لای مەلەکشا مرۆڤ لە "خاکێکی ڕەش" (هێمای ناخۆشی و تاریکی) دروست بووە، پاشان دەکرێت مانای ئەوەش بدات کە کوردستان لەبەر زەبروزەنگی سیاسی خاکەکەی سوتابێت .

شاعیر خۆی بە تەنیا دەبینێت لە گەردوونێکدا کە وەک چوارڕێیانێک وایە و مرۆڤ تێیدا سەرگەردانە، دواتر شاعیر باس لە یاخیبوونی خۆی دەکات لە بەهەشت لەپێناو عەشقی مرۆڤ نامۆبوونە ئاینیەکە لێرەدا دەگاتە لووتکە کاتێک دەڵێت:(بەهەشتی خوام لەبەر حەوا فڕێ داوە)، شاعیر لێرەدا تێڕوانینە ئایینییەکە دەگۆڕێت ؛ لە چیرۆکی ئاییندا، ئادەم بەهۆی هەڵەوە یان شەیتانەوە بەهەشتی لەدەست دا، بەڵام مەلەکشا دەڵێت بە ویستی خۆم و لەبەر عەشق (حەوا) بەهەشتم ڕەتکردەوە. ئەمە نیشانەی نامۆبوونی مرۆڤە لەو بەختەوەرییە غەیبییەی ئایین بەڵێنی پێدەدات؛ ئەو بەهەشتێکی زەمینی (عەشق) لە بەهەشتێکی ئاسمانی

بەلاوە گرنگترە. پاشان نامۆبوونەکە قووڵتر دەبێتەوە؛ کاتێک حەوا (کە شاعیر هەموو شتێکی لەپێناو دانا) جێی دەهێڵێت، شاعیر لە هەردوو لا دەدۆڕێت: نە بەهەشتی ئایینی بۆ ماوەتەوە ، نە بەهەشتی سەر زەوی (حەوا). لەدواتردا ئەو سێوەی لە ئاییندا هێمای گوناه بوو، لێرەدا دەبێتە "سێوی کاڵی دڵ" کە حەوا دەیبات و شاعیر لە "شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆیدا" جێدەهێڵێت.

شاعیر هێما ئایینییەکان (ئادەم، حەوا، بەهەشت، سێو) بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی ئازارەکانی، نەک وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری. بۆیە شاعیر لەبری پەرستش، ڕوو دەکاتە (نووسینەوەی خەمەکان)لای ئەو شیعر دەبێتە جێگرەوەی ئایین و زامەکان دەبنە تەنیا هاوڕێی ڕاستەقینەی.

## ٢-١/٢ نامۆبوونی خودی (دەروونی):

ئەو جۆرە نامۆبوونەیە کە تاك نەك تەنها لەگەڵ دەوروبەر ، بەڵکو بەخودی خۆشی نامۆیە، ئەم جۆرە نامۆبوونە لە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزترو بەئازارترە ، چونکە هەردوو لایەنی دەرون_ کۆمەڵایەتی (سایکۆ – سۆسیۆلۆجی ) دەگرێتەوە و بریتییە لەوەی ((کە تاك تواناى نییە لەگەڵ خودی خۆیدا بەردەوام بێت و هەست بە دابڕان دەکات ، بۆیە ژیانی تاك بێ ئامانجەو کاتێك هەست دەکات ناتوانێت بەرامبەر ڕووداوەکانی ژیان بوەستێتەوە و ناچارە پەیوەست بێت پێیانەوە کە ئەمەش ڕوویەکی نەرێنی (نێگەتیف)ی هەیە ، بۆیە هەست بە بێمانایی ژیان و دواتریش هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات))(غمیض ، ٢٠١٥، ٤٤) بۆیە شاعیر لە خۆی و دەوروبەر دادەبڕێت و لەکاتێکدا هەر خودی خۆی کەسێك بووە لە ناساندنی ئازادی و یەکسانی و خەبات و شۆڕش ،بۆیە ئەم نامۆبوونە پەیوەستە بە هەموو جۆرەکانی تری نامۆبوونەوە ، جا ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان...هتد بێت . بۆیە ئەم نامۆبوونە ئەزمونێکە((مرۆڤ خۆی بە کەسێکی نامۆ دەزانێت و لە خودی خۆی نامۆیە))(بەرزنجی ، ٢٦٩٨، ٣١)شاعیر لە شیعری (بێ وڵات)دا کە نامۆبوونی جوگرافیشی تێکەڵاوە ، بەڵام وێنەی خودی نامۆ لە لوتکەدا ئاڵەنگارە پەشێواوە بەدەست پەستییەوە شەرمەزارە .

**بێ وڵات**

چل ساڵە من

تەرمی خۆمم لەکۆڵ ناوە

دەیگێڕم و ئەشك ئەڕێژم

ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم

بستێ خاکم دەست ناکەوێ

ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی

تیا بنێژم ! (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ٣١ )

مەلەکشا لەم شیعرەدا گەیشتووەتە لووتکەی نامۆبوون، کاتێک مرۆڤ (خودی خۆی) وەک بارێکی گران و مردوو دەبینێت کاتێك دەڵێت( تەرمی خۆمم لەکۆڵ ناوە): ئەم وێنە شیعرییە نیشانەی ئەوپەڕی دابڕانی دەروونییە. شاعیر خۆی بە زیندوویەکی مردوو دەبینێت. لێرەدا جەستە نابێتە مایەی ئارامی، بەڵکو دەبێتە تەرمێک ، کە خودی شاعیر ناچارە بەدوای خۆیدا ڕایبکێشێت.

شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەروونییە نامۆییە ئاماژە بەوە دەکات وەک ئەشکەنجە (چل ساڵە...)

کە ئەم نامۆبوونە لە لای مەلەکشا تەنیا ساتەوەختێک نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنە . کات لای شاعیر چەقبەستووە و تەنیا وەک ژمارە تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی ڕوووبدات(چل ساڵ) لێرەدا هێمایە بۆ تەمەنێکی بەفیڕۆچوو لەناو ئاوارەیی و بێ ئامانجیدا. دواتر شاعیر بۆ زیاتر نیشاندانی نامۆبوونە دەروونییەکە باسی نامۆبوونی شوێنی دەکات کاتێك (بستێ خاکم دەست ناکەوێ) کە ئەمە پێی دەوترێت نامۆبوونی نەتەوەیی و نیشتمانی ، بۆیە مرۆڤ کاتێک لە شوێنێکدا دەژی کە هەست دەکات هی ئەو نییە، تووشی جۆرێک لە بێلانەیی دەبێت تەنانەت مافی (مردن)و (سپاردن بە خاک)یشی لێ زەوت کراوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە شاعیر نەک هەر لە ژیاندا نامۆیە، بەڵکو ترسی ئەوەی هەیە لە مردنیشدا هەر بە نامۆیی بمێنێتەوە. پاشان شاعیر لە دەربڕینی (بستێ خاک)دا کە ئەم دەربڕینە نیشانەی ئەوپەڕی بێبەشییە. شاعیر داوای وڵاتێکی پان و بەرین ناکات، تەنیا داوای "بستێ" دەکات. ئەم وێنەیە بچووککردنەوەی هەموو مافە مرۆییەکانە لە "قەبرێک"دا، کە نیشانەی بێهیواییەکی قووڵە لە ژیان. دواتر شاعیر ئازار وەک شتێکی مەعنەوی نابینێت، بەڵکو وەک شتێکی فیزیکی ناو جەستە نیشانی دەدات جەستە لێرەدا وەک کۆگایەک وێنە کراوە کە لێوانلێوە لە ئازار. کاتێک دەڵێت "تیا بنێژم"، وەک ئەوە وایە بیەوێت ئەو هەموو ئازارە لە ژێر خاکدا بشارێتەوە تا چیتر نەبینرێت. بۆیە لە کۆتایی شیعرەکەدا، وێنەیەکی تراژیدی بۆ خاک دەکێشرێت. خاک لە ئەدەبیاتدا زۆرتر هێمایە بۆ (ژیان و چەکەرەکردن)، بەڵام لای مەلەکشا خاک تەنیا بۆ (شاردنەوەی ئازار) پێویستە.

### ٣-١/٢ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی :

کۆمەڵگە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یاساودابوونەریتی کۆمەڵایەتی ، بۆیە نەگونجانی تاك لەگەڵ هەندێك لە ئەو یاسا و داب و نەریتانە کە لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە چاودێری دەکرێت و جێ بەجێ دەکرێت ، کە ئەمەش وا دەکات ئازادی تاك سنورداربێت ، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی تاك لەگەڵ کەسانی دەوروبەری و لەگەڵ هەندێ داب و نەریت نەگونجێت و تاکیش

بەئاسانی دەستی بە حەز و ئارەزووەکانی نەگات ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوونی تاك لە یاساو دابونەریتێکی دیاریکراوی کۆمەڵگابۆیە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی((دۆخی تایبەتی نامۆیی لەلای تاك پێچەوانە دەکاتەوە ، کە پەیوەستە بە رێژەی ئەوپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی بە کۆمەڵگاکەیەوە دەیبەستێتەوە، زۆرجار کەسی نامۆگەرا کەسێکی یاخییە لەبەرامبەر بەهاو نۆرم و پێوەرەکانی کۆمەڵگادا و هەست بە نامۆیی دەکات و دوچاری گۆشەگیری دەبێت))(ئەسوەد، ٢٠٢٤ ، ٧) .

جەلال مەلەکشا وەکوشاعیرێك ناو کۆمەڵکای کوردەواری و نەگەیشتنی تەواوی بەحەزو ئارەزوەکانی لە کۆمەڵگادا لە شیعری (ژوانی کوردەواریدا ) کە کوردەواری وەك گوزارە رەگەزی کوردستانێتی لەخۆی دەگرێ ، کە گوزارەی( ژوان )ی بۆ سەربارکراوە ، زیاتر دۆخێکی نەخوازراوی تاکی بریندار نیشاندەدات ، بەڵام لە کویێ؟ لەناو کۆمەڵگایەکی تا سەرئێسقان دارووخاو لە سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەڵێت:

**ژوانی کوردەواری**

گونجێکی تاریك

دووسێبەری سڵ

لەیەکتر ئاڵاو

بە پسکەپسك و هەناسەبڕکێ !

تەمەنای نیگای دووچاوی شەیدا

کسپە و خورپەی دڵ

کڵپەی ئەوین و بڵێسەی ئاگر

دەستێکی لەرزۆك

مەرمەڕی سینگ و

لەرە وتەکانی دوو مەمکۆڵەی خڕ!

سرتەی دوولێوی تامەزرۆی یەکتر

تك تك ئاونگی عارەقەی شەرم

لەسەر پەڕەی گوڵ

لەناکاو چرپەی پێی رێبوارێك و

سڵی ئاسکێك و

کۆڵانێکی پڕ

لە زرینگە و بۆنی بازنە و سمڵ ! (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ٩٤ )

لەم شیعرەدا شاعیر بە زمانێکی وێنەیی و پڕ لە هەست، باس لە پەیوەندییەکی ئەوینداریی دەکات لەناو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا. ئەگەر لە ڕوانگەی (نامۆبوونی کۆمەڵایەتی)سەیری بکەین، لە گرێی (کونجێکی تاریک)دا کە نامۆبوونەکە لێرەدا لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە ئەویندارانی تێیدا کۆدەبنەوە. لە جیاتی ئەوەی ژوان لە شوێنێکی کراوە، گەش و ئازاددا بێت، شاعیر دەڵێت: (کونجێکی تاریک) ئەم تاریکییە تەنیا نەبوونی ڕووناکی نییە، بەڵکو نیشانەی ئەوەیە کە ئەشق لەم کۆمەڵگایەدا شوێنێکی فەرمی و ئاشکرای نییە. مرۆڤی عاشق لە ژینگەی خۆیدا هەست بە نامۆیی دەکات و دەبێت پەنا بەرێتە بەر پەراوێزەکان بۆ ئەوەی ناخی خۆی دەربڕێت، هەروەها مەلەکشا وشەی (سڵ)بەکاردێنێت بۆ سێبەرەکان، کە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی وا لە مرۆڤ دەکات تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆشی بترسێت.

وشە و دەستەواژەکانی (دەستێکی لەرزۆک، هەناسەبڕکێ ،ئارەقەی شەرم) ئەمانە هەمووی نیشانەی دڵەڕاوکێن) کاتێک کۆمەڵگا یاسا و نەریتێکی توندی هەبێت، جەستەی مرۆڤ دەبێتە (جەستەیەکی ترساو)عاشق لەبری ئەوەی چێژ لە ساتەوەختەکە وەربگرێت، بەردەوام چاوەڕێی مەترسییەکە، ئەمەش لوتکەی نامۆبوونی مرۆڤە لەگەڵ ئارەزووە سروشتییەکانی خۆی. لە کۆتایی شیعرەکەدا، هاتنی (ڕێبوارێک)، یان (کۆڵانێکی پڕ) وەک هەڕەشە وێنە کراوە. لە دۆخی ئاساییدا مرۆڤ ڕێبوار و کۆڵان نیشانەی ژیان و ئاوەدانیین، بەڵام لێرەدا دەبنە هۆی تێکدانی خەونی دوو عاشق. بۆیە نامۆبوونەکە لێرەدایە،کە ئەویتر (کۆمەڵگا) وەک چاودێرێکی ترسناک دەردەکەوێت، وا دەکات عاشقەکان لەناو شار و کۆڵانی خۆیاندا هەست بە نامۆیی بکەن، وەک بڵێی ئەم خاکە هی ئەوان نییە.

مەلەکشا لەم شیعرەدا دەریدەخات ، کە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، ئەشق دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە (قاچاخچێتی هەستەکان). مرۆڤەکان ناچارن لەناو دڵەڕاوکێ و ترسدا بژین، چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی (کۆڵان، ڕێبوار، نەریت) لەبری ئەوەی پاڵپشت بێت، دەبێتە پاسەوان و ڕێگر لەبەردەم ئازادیی تاکەکەسیدا.

### ٤-١/٢ نامۆبوونی ڕۆشنبیری :

ئاستی ڕۆشنبیری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ، کاتێك ئاستی ڕۆشنبیری تاك بەرز دەبێتەوە و جیاوازو بەرزتر دەبێت لە ئاستی ڕۆشنبیری گەلەکەی یان کۆمەڵەکەیی و هەست بە کەم و کورتی و ناتەواوی ڕۆشنبیری کۆمەڵەکەی دەکات ، لە ئەنجامی بەقسەنەکردن و گوێ پێنەدانی کۆمەڵەکەی ، تاکی ڕۆشنبیر توشی نامۆیی دەبێت ، چونکە زۆر گرنگە هەموو میللەتێك بە ڕەوتێکی مەعریفی تەندروستدا بڕوات ، بۆیە نامۆبوونی ڕۆشنبیری کاتێك دێتە ئاراوە کە (( هەرکاتێك هەست دەکەن ئەو کەش و هەوا

ڕۆشنبیرییەی کە باڵی کێشاوە بەسەرناوەندی کلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا ، کۆن و چەقبەستوون و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان گەشە ناکەن ، ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیری گەل و جەماوەردێت لەلایەن تاکەکەسەوە ))(بۆکانی ، ٢٠٠٦ ، ٦٤) جەلال مەلەکشا لەشیعری (تاوان)دا ئەم جۆرە دەروونییە و پەردەی ڕەشی ئازاری کۆمەڵایەتی و ستەمی سیاسی وەك کۆت و پێوەند بەبەری شیعرەکە دادەبڕێت ، قۆناغ بەندیش تیایدا جلەوی وێنە زەینییەکانی گرتووە ، ئابلوقەی خەم و ئازار بازنەکانی ژیانە لەم ڕائەکا بۆ ئەو ، لەناو کۆمەڵگەیەکدایە کە بەرگەی جیاوازی ناگرێت.

**تاوان**

چونکە ئەموت :

مرۆڤ دەبێ ،

ئازاد و شاد و سەربەست بێ

شادی ، دڵداری ، ئازادی

بنەڕەتی ژیان بێت و

بچوکترین وشەی ئەوین

ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێت .

دڵیان کوڵیم

داخی هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە

مۆر ی سوری قاچاخ بوونیان

کوتا بەسەر وشە و شیعر و دەفتەرمەوە ! (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ٩٧ )

شاعیر خاوەن فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستانەیە. ئەو پێی وایە ژیان دەبێت لەسەر سێکوچکەی (ئازادی، شادی، ئەوین) بونیاد بنرێت. نامۆبوونەکە لێرەوە دەست پێ دەکات؛ کاتێک شاعیر وەک مرۆڤێکی مۆدێرن و ئازادیخواز بیر دەکاتەوە، بەڵام لە ژینگەیەکدا دەژی کە سادەترین بنەماکانی مرۆڤبوون (وەک ماچ و هەڵبەست) بە تاوان دەبینرێت. هەروەها مەلەکشا ئاماژە بەوە دەکات کە لە جیهانبینی ئەودا، (ماچ و ئاواز) بچووکترین و سروشتیترین مافن، بەڵام دەسەڵات یان عەقڵیەتی باڵادەست ئەم مانایانەی وەرگێڕاوە بۆ (تاوان). ئەمە لوتکەی نامۆبوونی ڕۆشنبیرە؛ کە زمانەکەی و وشەکانی (ئەوین، ئازادی) لەلایەن دەوروبەرەوە وەک مەترسی و قاچاخ تەماشا دەکرێن.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

شاعیر باس لەوە دەکات کە بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەوە تووشی دوو جۆر ئەشکەنجە بووە : ئەویش ئەشکەنجەی جەستەیی: (دڵیان کوڵیم، داخی خەمیان چزان بە جەرگمەوە). ، ئەشکەنجەی مەعنەوی: (مۆری سوری قاچاخ بونیان کوتا بەسەر وشەو دەفتەرمەوە).

لێرەدا ڕۆشنبیر دەبێتە «بێگانە» لە نیشتمانی خۆیدا. ئەو وەک قاچاخچییەک سەیر دەکرێت کاتێک دەفتەری شاعیر مۆری سووری لێ دەدرێت مۆری سوور هێمایە بۆ قەدەغەکردن و کۆتاییهێنان. ، واتە پەیوەندی ڕۆشنبیر و کۆمەڵگە دەپچڕێت. ئەمە دەریدەخات کە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە نێوان چەقۆ و مۆردا گەمارۆ دراوە، ئەمەش هەستی نامۆبوون و گۆشەگیری لای شاعیر دەگەیەنێتە لوتکە. نامۆبوونی جەلال مەلەکشا لەم دەقەدا نامۆبوونێکی هەڵبژێردراو نییە، بەڵکو ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی عەقڵێکی کراوەیە (شاعیر) لەگەڵ عەقڵێکی داخراودا (سیستەم یان کۆمەڵگە). شاعیر لێرەدا تەنها نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو ئەو ڕۆشنبیرانە دەکات کە خەونیان بە جیهانێکی جوانترەوە بینیوە و بە خەونی (قاچاخ) تۆمەتبار کراون.

### ٥-١/٢ نامۆبوونی جوگرافی(شوێنی) :

ئەم جۆرە نامۆبوونە زیاتر پەیوەندی بە دوورکەوتنەوە و دابڕان لە زێدی خۆی یان لە نیشتمان (تاراوگە) هەیە ، کە ئەم دوورکەوتنەوەیە دەکرێت بەهۆی ناچاری بێت یان ئارەزوومەندانە و پێویستییەکی تایبەتی تاك بێت ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە دەکرێت تاك هەر لە نیشتمانی خۆیدا بێت و تووشی نامۆبوون ببێت ، بەتایبەت بۆ تاکی کورد یان هەر تاکێکی تر کە وڵاتەکەی دووچاری دابەشبوون بوو بێت ، بۆیە ئەم حاڵەتە لە دۆخێکی دەرون _ کۆمەڵایەتی نائاسایی و ناجۆردا ، بە ئەندازەیەکی گەورە دوچاری مرۆڤ دەبێت ، کەم مرۆڤ هەیە لەشوێنی نائاسایی و ناجۆردا دۆخی دەرونی تێك نەچێت و هەست بە نامۆبوون نەکات، جەلال مەلەکشا لە شیعرەکانیدا((دوو قۆناغی هەیە، جەلالی تاران،جەلالی سنە، لەتاران هەستی بە نامۆیی دەکرد ، چونکە تاران بۆ ئەو نامۆبوو ، هەم نامۆی جوگرافی ، هەم نامۆی زمانی و نەتەوەیی))(حەیدەری ، ٢٠٢٥/١٢/٢٢). پاشان ئەگەر سەیری شیعرێکی تری جەلال بکەین بەناونیشانی (گەڕانەوە )کە لەم شیعرەدا داواکاری لە دۆستان و یاران دەکات کە کاتێك دەمرێ چۆن بیگەڕێننەوە و لە غەریبستان نەینێژن بۆیە ئامۆژگاریان دەکات کە بیسوتێنن و دواتر لەڕێگەی بارانەوە دابارێتەوە، وەکو دەڵێت :

**گەڕانەوە**

گەلێ یاران !

کاتێ مردم ، دەخیلتان بم !

لەم غەریبستانە مەمنێژن

جەستە ماندووە خەمڕێژەکەم بسوتێنن

خۆڵەمێشە خەمبارەکەم

بەئاوی دیجلەبسپێرن!

دیجلە دەمبا بۆ ئوقیانووس

دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان

بای زریانیش هەڵدەکات و

جەستەی سپی چەشنی هەورم

دەباتەوە بۆکوردستان !

دڵتەنگ، دڵتەنگ

لەسەرچاوکەی ژیانمەوە

چەشنی هەورێکی خەماژۆ ، دادەبارێم

لە کوێستان و لە پێدەشت و دارستانا

دادەبارێم ، تۆزقاڵ تۆزقاڵ

ژیلەمۆی دڵ ، دابەش دەکەم

بەسەرهەموو کوردستانا !      (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ٦١ )

ئەم نامۆبوونە جوگرافییە دووناددوونی بیری یارسانییە لە قۆناغی یەکەمیدا ( گەلێ یاران ) دۆستان ، هاوڕێیان ، پەژموورده بە لایەنە دەرونییەکە تەنانەت (مێژووی داخوازی ) وەسیەتنامە کاسەیەکی پڕ غوربەتە ، دەم و دویەکی تاسەی بۆ نیشتمان لە دۆخی مردن و جێهێشتنی (گیان) بۆ (جەسەد )پڕمەینەت ، بەڵام دەنگۆی وەفای یەکگرتنەوەی ئایدیای بەگەشتی بە ئازادی لەدوای مردن بانگەوازی هەڵپەی مەرگ نییە ، بەڵکو لەژیانی جاویدانی خەباتگێڕیدا (موژدەیە) بەستنەوەی ئەڵقەکانی مێژووی بیرە بۆ نەوەکانی داهاتووی هاوڕێیانی ڕێگای خەباتی (مەلەکشا) هەڵزنانە بەلوتکەی بەگژداچوونەوەی دوژمن لە زانستی (بایۆگرافی) خۆمان دوای ئەوهەموو قۆناغانە پڕ لەغوربەتە .

دەتوانین بڵێین لەڕووی (زەمەن جێگاشەوە) دیسانەوە هەر نامۆییە، کەواتە دەفرە شیعرییەکە تێکەڵەیەکە لە نامۆیی جوگرافی و (زەمەن جێگایی) ،( کاتێ مردم ، دەخیلتان بم ! ، لەم غەریبستانە مەمنێژن ... ، جەستەی سپی چەشنی هەورم ، دەباتەوە بۆ کوردستان،...لە

سەرچاوەی ژیانمەوە ، چەشنی هەورێکی خەماژۆ ، دادەبارێنم ). گشت گڕی تەوژمی (زەمەن جێگا )کۆتا ئەڵقە لە دابارینی هەموو کوردستان دەگرێتەوە .

هەروەها دەتوانین بڵێین شیعری «گەڕانەوە»ی جەلال مەلەکشا یەکێکە لە نموونە هەرە باڵاکانی ئەدەبیاتی غەریبی و دەربەدەری، کە تێیدا چەمکی نامۆبوونی جوگرافی بە قووڵی ڕەنگی داوەتەوە. مەلەکشا لە دەستپێکی شیعرەکەدا بە وشەی «غەریبستان» ئاماژە بەو شوێنە دەکات کە لێی نیشتەجێیە. لێرەدا جوگرافیا تەنیا خاک نییە، بەڵکو شوێنێکی نامۆ و نەیارە کە شاعیر هەست بە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵیدا ناکات. داوای «نەسپاردن بەو خاکە» گەورەترین ئاستی ڕەتکردنەوەی ئەو جوگرافیایەیە؛ ئەو نایەوێت تەنانەت دوای مردنیش جەستەی ببێتە بەشێک لەو خاکە نامۆیەی کە پێی دەڵێت غەریبستان. نامۆبوونی جوگرافی لەم شیعرەدا هێندە سەختە، کە شاعیر دەزانێت جەستەی مرۆیی (وەک ماددە) ناتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە یان سنووره دەستکردەکان ببڕێت. بۆیە پەنا دەباتە بەر فەناکردنی جەستە :

-سووتان و خۆڵەمێش: گۆڕینی جەستە بۆ خۆڵەمێش، هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە قورسایی جەستە و بوون بە شتێکی سووک کە بتوانێت لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا (ئاو و با) تێکەڵ بێت.

لە کۆتایی شیعرەکەدا، کاتێک دەڵێت «لەسەرچاوکەی ژیانمەوە... دادەبارێم»، لێرەدا جوگرافیا لە «نامۆبوون»ەوە دەبێتەوە بە «پەیوەستبوون». شاعیر نیشتمان (کوردستان) وەک تاکە شوێن دەبینێت کە جەستەی تێیدا ئۆقرە دەگرێت، بەڵام نەک وەک جەستەیەکی مردوو، بەڵکو وەک باران و ژیلەمۆ کە ژیان دەبەخشێتەوە بەو خاکە.

بۆیە نامۆبوونی جوگرافی لای جەلال مەلەکشا لەم شیعرەدا بە شێوازێکی تراژیدی دەست پێ دەکات (مردن لە غەریبی) و بە شێوازێکی میتافیزیکی کۆتایی دێت (بووەتە باران و هەور). شاعیر پێمان دەڵێت کە غەریبی هێندە قورسە، تەنیا بە گۆڕینی شێوەی ماددی جەستە دەتوانرێت ئەو دوورییە جوگرافیایە ببڕدرێت و مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر ڕەگ و ڕیشەی خۆی.

### ٦-١/٢ نامۆبوونی فکری (نامۆبوون لە بوون):

ئەم جۆرە نامۆبوونە زیاتر پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیە لەژیان و هەمیشە ئەوەی لەبەرچاوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیان بەجێ دەهێڵێت و هەروەکو چۆن مرۆڤەکانی تر ژیانیان بەجێ هێشتووە و ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە ، بوون بابەتێکە کە بوونگەراکان زۆر گرنگی پێ دەدەن و لەبارەیەوە دواون((بوونگەراییەکان پێیان وایە ژیانی مرۆڤ هیچ بەهاو ئامانجێکی لە پشتەوە نییە و مرۆڤ لە بوونی خۆیدا ئەم بۆشاییە دەپێوێت ، کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە ، واتا ئاکامی ژیان مادام بەمردن کۆتایی دێت ، ئیتر هیچ پێویست بە ئەوە ناکات خۆی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەبوون و ژیانەوە سەرقاڵ بكات ، كەواتە دەتوانین لەژێرناوی نامۆبوونی فكری باس لەنامۆیی لەبوون بكرێت ))(قادر ، ٢٠٠٧ ، ٢٦) شیعری "سەرئەنجام؟"ی جەلال مەلەكشا، یەكێكە لەو دەقە كورت و قوڵانەی كە وێنەیەكی ڕوون و بێپەردەی نامۆبوونی مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا دەكێشێت. نامۆبوون لێرەدا نامۆبوونی لە بوون.

**سەرئەنجام؟**

پرسیار ،پرسیار

تا چاو بڕكات

خاڵ بەخاڵی ڕێگە هەموو

هەر پرسیارە

من ڕێبوارێكم ئەناسی

بەدرێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی

لەسێبەری وەڵامێكدا

نەختێ ماندوویی خۆی دەركا

سەرئەنجام ڕێگە ،عاسی

خۆی بە ئەڵقەی پرسیارێكەوە هەڵواسی (مەلەكشا ، ١٣٩٩ ، ١١٩)

شاعیر ناونیشانی شیعرەكەی بە ناوی (سەرئەنجام ؟) دەست پێكردووە كە نیشانەی (؟) لە جیاتی وشەی (پرس) بەكارهێناوە ، هەر لە سەرەتاوە شاعیر (سەرئەنجام پرسیار) ی بەكارهێناوە ، كە نیشانەی ئەوەیە چەندە بپرسیت ئەوە وەڵامێكت دەست ناكەوێت لە ژیانەدا ، پرسیار لەدوای پرسیار دروست دەبێت بەبێ وەڵام . كەواتە ژیان لە سەرەتاوە تا كۆتایی بووەتە زنجیرەیەک لە پرسیاری بێوەڵام. ئەمە گەورەترین جۆری نامۆبوونە؛ كاتێک مرۆڤ لە گەردوون تێناگات و هیچ مانایەک بۆ ژیانی نادۆزێتەوە ، كە خاڵ بەخاڵی ڕێگە هەموو هەر پرسیارە": ئەمە نیشانەی ونبوونی مرۆڤە لەناو گێژاوی گوماندا. لەم شیعرەكەدا (ڕێبوار) هێمایە بۆ مرۆڤ. كاتێک ڕێبوارێک نەتوانێت لە (سێبەری وەڵامێكدا) پشوو بدات، واتە ماندووبوونەكەی بێهودەیە. ئەمە ئەو جۆرە نامۆبوونەیە كە تێیدا مرۆڤ كار دەكات، ڕادەكات و دەژی، بەڵام ناگاتە هیچ ئەنجامێكی دەروونی كە ئارامی پێ ببەخشێت.

شاعیر جەخت لەوە دەكاتەوە كە مەعریفە و زانین (كە لێرەدا وەک وەڵام دەردەكەوێت) دەستنەكەوتوون. مرۆڤی هاوچەرخ زانیاری زۆرە، بەڵام "وەڵامی" ڕاستەقینەی پێ نییە بۆ ئازارەكانی. ئەم نەبوونی وەڵامە وای لێ دەكات لەناو ژینگەكەی خۆیدا هەست بە غەریبی بكات و كۆتایی شیعرەكەش لووتكەی نامۆبوون و نائومێدییە (سەرئەنجام ڕێگە ،عاسی خۆی بە ئەڵقەی پرسیارێكەوە هەڵواسی) لێرەدا جۆرێک لە نامۆبوونی تراژیدی دەبینین. كاتێک ڕێگەكە خۆی (كە ئامرازی گەیشتنە) خۆی دەكوژێت، واتە هیچ دەرچەیەک نەماوە. "خۆهەڵواسین بە ئەڵقەی پرسیار" وێنەیەكی نایابە بۆ ئەوەی بڵێت: خودی پرسیارەكان بوونەتە جەلادو و بكوژی مرۆڤ.

ئەم شیعرە باس لە نامۆبوونی مرۆڤی هاوچەرخ دەكات كە لەناو دەریایەک زانیاری و پرسیاردا غەرق بووە، بەڵام بێ وەڵامە. جەلال مەلەكشا "پرسیار" لە دەقێكی لۆژیكییەوە دەگۆڕێت بۆ "پەتێكی سێدارە"، ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی گەیشتنە بە بنبەست و نامۆبوون لە ژیان.

## ٧-١/٢ نامۆبوونی ڕامیاری(سیاسی):

شاعیران بەگشتی خۆیان لە كێشە سیاسیی و كۆمەڵایەتییكان بەدوورنەگرتووە و كێشەكان لەناو شیعرەكانیاندا ڕەنگی داوەتەوە ، بەتایبەت شاعیرانی كورد بەهۆی بارودۆخی نەتەوەكەیان و ئەو زوڵمو زۆرەی لێیان دەكرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەی كە بەشێكی زۆری مێژووی ئەم گەلەی پێكهێناوە كەئەمەش دەبێتە نامۆبوونی تاك لە ڕووی ڕامیارییەوە، بۆیە نامۆبوونی ڕامیاری ((بریتییە لە ناڕازیبوون و ڕەتكردنەوەی ئەو سیستەم و نەریتە سیاسیانەی ، كە لەگەڵ خواست وئامانج و داواكارییەكانی تاك یەك ناگرێتەوە ، یاخود ئەو سیستەمە سیاسیەی جیاوازی ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و نەژاد لەنێوان هاوڵاتیاندا دەكاتە بەهانەی سەروەری و باڵادەستی لایەك بەسەر لایەكی تردا))(قادر ، ٢٠٠٧ ، ٢٢ ) ، بۆیە (جەلال مەلەكشا)ش وەكو شاعیرێكی كورد لایەنە ڕامیارییەكان لە شیعرەكانیدا بوونی هەیە و دانەبڕاوبووە لە خەباتی سیاسی و مەدەنی میللەتەكەی و بەقەڵەم ڕووبەڕووی ئەوبارە ناهەموارە بووەتەوە كە ڕووبەڕووی گەلەكەی بووەتەوە . شاعیر لە شیعری (ئاواتێك)دا ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی ڕامیاری جیهانی هەڵدەماڵێت و ئەوە نیشان دەدات كە تاكەكانی كۆمەڵگا ئاوات بە یەكپارچەیی نیشتمانەكەیان دەخوازن و شاعیر دەڵێت :

**ئاواتێك**

ئاخۆ دەبێ ،

ئەورۆژەبێ

كاوەی كورم

جانتای سەفەر کاتەشانی ؟

دەڵاڵانی بەرگارازی شاری سنە

هاواربکەن :

سلێمانی ، سلێمانی !     (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ٤٥ )

شاعیر باسی دوو شاری "سنە" و "سلێمانی" دەکات. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم دوو شارە بە سنوورێکی دەستکرد لە یەکتر جیا کراونەتەوە. نامۆبوونی سیاسی لێرەدا لەوەدا دەردەکەوێت کە هاووڵاتییەک بۆ چوون لە شارێکی خۆیەوە بۆ شارێکی تری هەمان نیشتمان، پێویستی بە "جانتای سەفەر" و بڕینی سنوور هەیە. ئەمە گوزارشت لەو نامۆییە دەکات کە مرۆڤی کورد لەسەر خاکی خۆی وەک بێگانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هەڵبژاردنی ناوی "کاوە" بۆ کوڕەکەی، تەنیا ناوێکی سادە نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی مێژووییە بۆ کاوەی ئاسنگەر (هێمای شۆڕش و ڕزگاری لە ستەم). شاعیر دەیەوێت بڵێت کە نەوەی نوێ دەبێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت. نامۆبوونی شاعیر لێرەدا لەوەدایە کە خۆی لە سەردەمێکدا دەژی کە ئەو ئاواتەی تێدا نەکراوەتە ڕاستی، بۆیە چاوەڕوانییەکە دەگوازێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو. لە ڕوانگەی سیاسییەوە، "گاراژ" و "دەڵاڵ" لەم شیعرەدا دەبنە هێمای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. گەورەترین خەونی شاعیر ئەوەیە کە بینینی ناوی "سلێمانی" لە گاراژێکی "سنە"دا وەک شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە لێ بێت، نەک وەک قەدەغەیەک یان خەونێکی دوورەدەست. ئەمە تەحەدایەکی سیاسییە بۆ ئەو واقیعەی کە نەتەوەیەکی دابەش کردووە.ئەم شیعرە گوزارشت لە نامۆبوونی مرۆڤی کورد دەکات لەناو نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا. جەلال مەلەکشا لە ڕێگەی ئەم دیمەنە سادەیەوە، کێشەیەکی گەورەی سیاسی دەخاتە ڕوو.

**٨-١/٢ نامۆبوونی سێکسی :**

مرۆڤ لێوانلێوە لە حەزو ئارەزووی دنیایی ، حەزی سێکسیش یەکێکە لە حەزەکانی هەردوو ڕەگەز و پێوستی بە دەست پێڕاگەیشتن و خاڵی بوونەوە هەیە ، لەبەرامبەر ئەم حەزەشدا کۆمەڵێك ڕێگری هەیە لەڕێگەی دابونەریت و یاساکانەوە، بۆیە نامۆیی سێکسی بریتییە لە (نەتوانینی تاك لە بەتاڵکردنەوەی حەز و ئارەزووە خەفەکراوەکانی ، یان گۆڕینی دیدگای تاکە بەرامبەر بە پرۆسەی  سێکس و بەکەم سەیرکردنی ))(قادر ، ٢٠١٠، ١٢٤) شاعیر لە (شیعری لاساردا ) ئاماژە بەکۆت و بەندی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵخەڵەتاندن دەکات و دەڵێت:

**شیعری لاسار**

دیوارێکیان بەدەور شیعرەکانما کێشا و

پەرژینیان کرد ...

ئەودیویان لێ پاوان کردم ...

لەو دیو دیوار

تابلۆی ژنێکیان هەڵواسی

وتیان فەرموو

ئەوە باخی سینگ و مەمك

ئەوە نازی چاوی جوان و

شەکری لێو و

باڵای سەر و

ئەمەش قەڵەم !

تا ئەتوانی

تا هێزی هەستت بڕ ئەکا ، پێیا بێژە

وشەکانت

لە قاڵبی قاچ و قول و سمت و کەمەریا دارێژە !

***

بیرۆکەی ئیرۆتیك لێرەدا بەتاقی ڕووناکی پێش وروژاندنی سێکس و چێژی جەستە کەوتووە ، زمانی ئاماژە و خستنە بەردەست گەرم و گوڕە ، بازنەیەك ونە... کێ ئەو تابلۆیەی داوەتێ .. تا (قالبی قاچ و قول و سمت و کەمەریا دارێژە)

شیعرێکم هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیا

بزۆز و شێت و لاساربوو

بەگژ داروبەردا ئەچوو...

هەڵدەبەزی

بۆ ئەودیوی دیوارەکە سەری ئەبرد

لە ئاکامدا ...

بڕیاری دا ،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

شورەی دەسکرد بڕوخێنێ...

نهێنی و ڕاز و نیازی ئەودیو ، دیوارەکە بدرکێنێ

بە قالدرمەی وشەکانا ،

هەر کە گەیشتە سەردیوار

خێرا هاتن ، بەدەست و برد

پێی و دەست و دەمیان بەست و ...

ئاگریان دا و ...

جەستەیان بەخۆڵەمێش کردا! (جەلال مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ١٦ )

لە مەبەستی دووەمی کۆپلەکەدا دیوار داب و نەریتی کۆمەڵگای چەقبەستووە . ئازادی وەك ڕێبواریش سڵاو ناکات ، بۆیە هەر ئەم دیوارەی بۆ نەکراوە ، بەڵکو ئەم دیاردەیە نامۆیە لە ئاوێزانی مێژووی ئەدەب لەشیعر و پەخشان و هونەریشدا ، ئەم گوێزانەوەیە بە ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا دەست پێدەکات و بە سیستەم و یاسای کەسی چارەسەری دەکرێت .

شیعری «لاسار»ی جەلال مەلەکشا یەکێکە لەو دەقە قووڵانەی کە دەکرێ لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە بخوێنرێتەوە. کاتێک باس لە چەمکی نامۆبوونی سێکسی دەکەین لەم شیعرەدا، مەبەستمان ئەو دابڕانە جەستەیی و ڕۆحییە نییە کە تەنیا لە ئارەزوویەکی سادەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو مەبەست ئەو «پەیوەندییە دەستکردەیە» کە دەسەڵات (کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئاینی) دەیەوێت بەسەر تاکدا بیسەپێنێت.

لە سەرەتای شیعرەکەدا، شاعیر باس لە دیوارێک دەکات کە لە دەوری شیعرەکانی (کە لێرەدا هێمایە بۆ خودی شاعیر و هەستەکانی) کێشراوە. ئەم دیوارە تەنیا بەربەستێکی فیزیکی نییە، بەڵکو دیوارێکی نەریتی و یاساییە، نامۆبوون لێرەدایە،کە مرۆڤ ڕێگەی لێ دەگیرێت ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت. دەسەڵات ئەو دیوی دیوارەکەی لێ پاوان دەکات، واتە جیهانی ڕاستەقینە و ئازادی لێ دەشارێتەوە. کە یەکێک لە خاڵە هەرە دیارەکانی نامۆبوونی سێکسی لەم دەقەدا، شێوازی ناساندنی ژنە، کە دەسەڵات تابلۆیەک هەڵدەواسێت و بە شاعیر دەڵێت: (ئەوە باخی سینگ و مەمک... ئەوە نازی چاوی جوان) لێرەدا ژن لە مرۆڤبوونی خۆی دادەماڵرێت و دەکرێتە تەنیا کۆمەڵێک ئەندامی جەستە (سمت، کەمەر، قاچ ) بۆیە شاعیر هەست بە نامۆیی دەکات لەگەڵ ئەم وێنەیە، چونکە ئەمە سێکسێکی فەرمییە، سێکسێکی ڕێپێدراوە کە دەسەڵات بۆی کێشاوە تاوەکو هەستەکانی تێدا بەتاڵ بکاتەوە و سەرقاڵ بێت، بۆ ئەوەی بیری لای کێشە گەورەکان (ئەودیوی دیوارەکە) نەمێنێت.

کە سێکس وەک ئامرازی سەرکوت کردن بەکار دەهێنێت ، دەسەڵات قەڵەمەکە دەداتە دەست شاعیر و پێی دەڵێت تەنیا وەسفی "جەستە" بکە. ئەمە جۆرێکە لە نامۆبوونی غەریزەیی. کاتێک غەریزە دەکرێتە قەفەسێک بۆ شاعیر، تاوەکو نەپەرژێتە سەر ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. شاعیر لێرەدا تێدەگات کە ئەم "مەمک و لێو و باڵایە" تەنیا ماسکێکن بۆ شاردنەوەی ئەو زوڵمەی لەودیو دیوارەکەوە دەگوزەرێت. شیعرە "لاسارەکە"ی مەلەکشا ڕەزیل نابێت بەو تابلۆیە. ئەو نامۆ دەبێت بەو چوارچێوەیەی بۆی کێشراوە.ئەو نایەوێت لەناو "قاڵبی قاچ و قول و سمت"دا بمێنێتەوە. ئەو دەزانێت کە جوانیی ڕاستەقینە و سێکسییەتی سروشتی لەوێدا نییە، بەڵکو لەو ئازادییەدایە کە لەودیو دیوارەکەوەیە. کاتێک شیعرەکە هەوڵ دەدات دیوارەکە بڕوخێنێت، لە لایەن دەسەڵاتەوە دەسوتێنرێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات تەنیا ئەوکاتە ڕێگە بە (هەستی سێکسی) دەدات کە لە خزمەت مانەوەی دیوارەکاندا بێت.

لەم شیعرەدا ، جەلال مەلەکشا پێمان دەڵێت کە نامۆبوونی سێکسی ئەوەیە کە مرۆڤ ناچار بکرێت جەستە تەنیا وەک گۆشت و ئارەزوویەکی سنووردار ببینێت. شاعیر لەم جۆرە پەیوەندییە نامۆ دەبێت و پێی وایە عەشق و جەستە کاتێک مانایان هەیە کە بەشێک بن لە ئازادیی گشتی. ئەو تابلۆیەی دەسەڵات بۆی دروست کردووە، جۆرێکە لە (سێکسی بێ ڕۆح) کە تەنیا بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ بەکاردێت.

**٩-١/٢ نامۆبوونی سۆزداری :**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەدرێژایی مێژوو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی پاراستووە و تێکەڵی ڕووحی بووە ، بۆیە کاتێك کەسێکی خۆشەویستی لێ دووردەکەوێتەوە یاخود لێی جیادەبێتەوە جا ئەو کەسە کەسێکی دیاریکراوبێت وەکو خۆشەیست(یار) یاخود ئەندامانی خێزان بێت یان هەرکەسێکی تری نزیکی بێت ، پاشان ئەوجیابوونەوەیەش بەشێوازێك بێت کە ئیتر نەیبینێتەوە ئەوە ئەو کەسە دووچاری نامۆبوونی سۆزداری دەبێت ، چونکەلە نامۆبوونی سۆزداریدا (( لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئامادەکاری نەکراوە بۆ ڕووداوەکان ، ئەگەر مردن بێت ، یان دوورکەوتنەوەبێت ،یان پچڕانی تەواوەتی پەیوەندییەکەبێت ))(محمد، ٢٠٢٣، ١١٣)

جەلال مەلەکشا لە شیعری (من و تۆ)دا بە زمانێکی زۆر سادە بەڵام پڕ لە مانا، وێنەی تراجیدیای نەگەیشتن بە یار دەکێشێت:

من و تۆ

دوو هێڵی تەریب

لەکام قۆناخی دەشتی ژیانا

دەستی یەک دەگرن ؟

ئەستێرە پۆل پۆل

لەژوانگەی سووری کازێوە دەمرن

ناگەن بە ڕۆژ و

بە پۆلووی کوانووی یەکەم هەواری هەتاو

دەسووتن!

چاوەڕوان مەبە

من وەک پاییز و

تۆش بەهارێکی

خونچەی ژیانت بەرەوپشکوتن! (مەلەکشا ، ١٣٩٩ ، ١١٦)

لێرەدا شی کردنەوەی شیعرەکە لە ڕووی نامۆبوونی سۆزداری و دووریی نێوان دوو خۆشەویست دەخەینە ڕوو: هێمای (هێڵی تەریب) ئەندازەی دوورەپەرێزی شاعیر بە بەکارهێنانی چەمکی دوو هێڵی تەریب، لوتکەی بێئومێدی و نامۆبوون نیشان دەدات. لە بیرکاریدا هێڵی تەریب ئەوانەن کە هەرچەند درێژ ببنەوە هەرگیز یەکتر نابڕن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێکەوەبوون لە ڕووی فیزیکییەوە هەیە (هاوتەریبن)، بەڵام لە ڕووی ڕۆحییەوە گەیشتن مەحاڵە. دواتر شاعیر پرسیارێکی بێ وەڵام دەکات ("لەکام قۆناخی دەشتی ژیانا ، دەستی یەك دەگرن ؟") کە خۆی دەزانێت وەڵامەکەی (هیچ کوێ)یە ، پاشان مەلەکشا وێنەی ئەستێرەکان دەهێنێتەوە کە لە سپێدەدا (کازێوە) دەمرن. ئەمە وێنای ئەوەیە ، کە خۆشەویستیی ئەوان وەک ئەستێرەیە، تەنها لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام هەر کە دەگەنە کاتی (ڕاستی) یان (ڕووناکی گەیشتن)، ئەو عەشقە دەسووتێت و لەناو دەچێت. کە نەگەیشتن بە ڕۆژ، لێرەدا (ڕۆژ) سیمبۆلی گەیشتن و بەختەوەرییە، کە ئەمان وەک ئەستێرە بەرگەی ئەو ڕووناکییە ناگرن و تێدا دەچن. لە کۆتایی شیعرەکەدا، نامۆبوونەکە دەگاتە ئەوپەڕی کاتێک شاعیر خۆی بە پاییز و یار بە بەهار دەچوێنێت:

* پاییز: وەرزی وەرین، زەردبوون و کۆتایی ژیانە.

* بەهار: وەرزی پشکوتن، نوێبوونەوە و سەرەتای ژیانە.

ئەم دوو وەرزە هەرگیز لە یەک کاتدا کۆنابنەوە؛ کاتێک یەکێکیان دێت، ئەوی تریان دەبێت بڕوات. ئەمە گەورەترین ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نامۆبوونی ئەوان لە ڕیشەدایە و چارەنووسیان وایە کە تەنها لە دوورەوە سەیری یەکتر بکەن.

**ئەنجامەکان**

- چەمکی نامۆبوون چەمکێکی فرە پێناسەیە و لەبوارەکانی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ...) لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە ، دیاردەیەکە دەبێت لەڕوانگەی جیاوازەوە تەماشابکرێت ، بۆیە تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر دروست دەبێت و ناتوانرێت تەنها لە پێناسەیەکدا ڕوونبکرێتەوە و بگاتە خاڵی بنبەست

- پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە بوارەکانی ژیاندا ، دوولایەنە ، لایەنێکی ئەرێنی بۆ سودی تاکەکانی گۆمەڵگاو ئاسانکاری لە ژیانی تاکدا ، لایەنێکی نەرێنی کە هۆکارە بۆ هەمەجۆری جۆرەکانی نامۆبوون.

-جۆرەکانی نامۆبوون لای جەلال مەلەکشا خۆی لە (٩) جۆردا دەبینێتەوە ، وەکو نامۆبوونی (ئاینی ، خودی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، جوگرافی ، فکری ، ڕامیاری ، سێکسی ، سۆزداری ).بەڵام زۆربەیان لەژێرسێبەری (نامۆبوونی ڕامیاری )دان ، کە جەلال مەلەکشایان لە ناخدا تووشی ململانێ و جەنگی دەروونی کردووە.

لیستی سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز**

**یەکەم : کتێبەکان**

**١- بەزمانی کوردی**


- ئاغۆك ، ئاری (٢٠٠٣) ،بزاڤی تەغریبی ، چاپخانەی میدیا ، هەولێر.

- ئەنگڵس ، لودڤینگ فۆیەرباخ (٢٠٠٥) ، کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ، و.سالار ڕەشید ، دەزگای بیر و هۆشیاری ( ی.ن.ك) سلێمانی

- بۆکانی ، سابیر (٢٠٠٦) ، لەنێوان هەست و نەستدا ،چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی.

- بەرزنجی ، هەڵگورد (٢٦٩٨) نامۆیی نەتەوەیی ، بێ شوێنی چاپ .

- خاڵ ، شێخ محمد ، (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی.

- جەوشەنی ، عەلی (٢٠١٥) فەرهەنگی زمان(کوردستانیکا)، چاپەمەنی مانگ ، بانە.




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠١٠) نەخۆشی و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (١٩٩٩) هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

- کەمال ،محمد (٢٠٠١) فەلسەفەی هیگڵ ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ، سلێمانی .

- مەلەکشا ، جەلال ،(١٣٩٩) کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ،سلێمانی

**٢- بەزمانی عەرەبی :**

- خليفة ، عبداللطيف محمد (٢٠٠٣) دراسات فى سيكولوجية الاغتراب ، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع ، الرياض .

- عبدالوهاب ، طاريق محمد (٢٠٠٠) سيكولوجية المشاركة السياسية دراسة في علم الفنى السياسى في البيئة العربية ، دار الغريب القاهرة.

- العتيبى ، طارق بن موسى (٢٠١٨) الاغتراب (دراسة تأصيلية فلسفية علمية) دار الكتاب الجامعي الرياض.

- إبن منضور ، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم بن علي(١٨٨٣ ) ، لسان العرب ، دارصادر ، بيروت .

- المغربى ، سعد (١٩٩٦) الانسان وقضاياء النفسية والاجتماعية الهيئة المصرية العامة الكتاب ، القاهرة

- الجماعي ، صلاح الدين احمد (٢٠٠٧) الاغتراب النفسي والاجتماعي و علاقته بالتوافق النفسي والاجتماعي ، مكتبة مدبولي.

- الحامدي ، علي (٢٠٠٣) الاغتراب وعلاقته بالتوافق النفسي لدى الطلبة الجامعة ، دمشق .

- شاخت ، ريتشارد(١٩٨٠) الاغتراب ، ترجمة:كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات ، بيروت

- على ، بشرى (٢٠٠٨) مظاهر الاغتراب لدى طلبة السوريين في بعض الجامعات المصرية ، مجلة جامعة دمشق ، المجلد ٢٤ .

- عمر ، احمد مختار (٢٠٠٨) معجم اللغة المعاصرة ، عالم الكتب ، بيروت.

- نعيسة ، رغداء (٢٠١٢) الاغتراب النفسى وعلاقته بالأمن النفسي ، كلية التربية ، جامعة دمشق .

- مارف ، سەلام (٢٠١٦) نامۆبوونی ئاینی (لەبارەی پارادۆکسی بوون و بیرکردنەوە) ، چاپخانەی تاران .

**دووەم :نامەی ئەکادیمی :**

**١- بەزمانی کوردی**

- قادر ، ئارام محمد (٢٠٠٧) نامۆیی لە شیعری کوردیدا –کرمانجی خواروو (١٩٧٥-٢٠٠٠)نامەی ماستەر ، ز.سلێمانی

- قادر ، سەرکەوت سەعید (٢٠١٠)نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەڵاح عومەر) دا ، نامەی ماستەر ،ز.سەڵاحەدین ، هەولێر .

- سەعدون ، سامان عیزەدین (٢٠٠٩) بنیادی هونەری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی.

- محمد ، سوهام قادر (٢٠٢٣) نامۆبوون لە شیعرەکانی (د. ئاراس عەزیز عەبدوڵا)دا ، نامەی ماستەر ، ز.سلێمانی

**٢- بەزمانی عەرەبی**

- المولد ، روضة بنت بلال بن عمر (٢٠٠٧) الاغتراب في حياة إبن دراج وشعره ، رسالة ماجستير ، جامعة أم القرى ، كلية اللغة العربية و أدابها . المملكة العربية السعودية.

- النورى ، قيس (١٩٧٩) الاغتراب و إصطلاحها ومفهوما واقعا ، مجلة العالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، الكويت.

- الصنعانى ، عبده سعيد محمد احمد (٢٠٠٩) العلاقة بين الاغتراب النفسي و أساليب المعاملة الوالدية لدي طلبة المعاقين سمعيا فى المرحلة الثانوية ، رسالة ماجستير ، كلية التربية ، جامعة تعز -يمن

- عثمان ، روناك حميد (٢٠٠٨) الاغتراب الثقافى وعلاقته بتحقيق الذات لدى التدريس بجامعات إقليم كردستان ، رسالة ماجستير ، كلية تربية للعلوم الانسانية ، جامعة صلاح الدين .

**سێیەم:ڕۆژنامە و گۆڤار**

- بۆکانی ، سابیر (١٩٩٩) شۆڕبوونەوەیەك بەرەوناخ ، گۆڤاری ڕامان ، ژ(٣٨).

- سەعید ، ناز ئەحمەد (٢٠١٢) غوربەت و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی( سالم)دا، گۆڤاری (ڕۆڤار) ژ(٧٧)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

- حسێن ، تەرزە (٢٠٢٠)تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگە ، گۆڤاری گوڵان ، بەشی وتارویپرورا ژ(٤٥) .هەولێر

- سەعید ، ئیدوارد (١٩٩٨) نامۆیی ڕوناکبیران، و. بەکر خۆشناو ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ،ژ(١٠) سلێمانی

**پێنجەم: ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

_ ئەسوەد ، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤) زاراوەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری (نامۆبوون)، کوردستانی نوێ (٢٠٢٤/١٢/٥) http://knwe.org/KU/Details/23989

**شەشەم: چاوپێکەوتن :**

_حەیدەری ، جەواد ، ڕۆژنامەنووس ، (٢٠٢٥/١٢/٢٢) کتێبخانەی جەمال عیرفان، سلێمانی

List of sources

The Holy Qur'an

First, the books

-١In Kurdish

-Aghok, Ari (2003), Bazavi Taghribi, Chapkhany Media, Erbil.

-Engels, Ludwig Feuerbach (2005), The End of Classical German Philosophy, W. Salar Rashid, Thought and Consciousness Institute (YNK) Sulaimani

-Bokani, Sabir (2006), Between Feelings and Feelings, Ranj Printing House, Sulaimani.

-Barzanji, Halgurd (2698) National alienation, no place of publication.

-Khal, Sheikh Mohammed, (2005) Khal Dictionary, Kamran Printing House, Sulaimani.

-Jawshani, Ali (2015) Dictionary of Language (Kurdistanika), Mang Press, Bana.

-Karachetani, Karim Sharif (2010) Mental and Social Diseases and Problems, Second Edition, Paywand Printing House, Sulaimani.

-Karachetani, Karim Sharif (1999) Some mental and social diseases and problems, Salahaddin University Printing House, Erbil.

-Kamal, Mohammed (2001) Philosophy of Hegel, Sardam Publishing House, Sulaimani.
-Maleksha, Jalal, (2010) Collection of poetic works, Chawarchra Publishing House, Sulaimani
-٢In Arabic:
-Khalifa, Abdul Latif Mohammed (2003) Studies in the psychology of kidnapping, Dar al-Gharib for printing, publishing and distribution, Riyadh.
-Abdul Wahab, Tariq Mohammed (2000) Psychology of Political Participation: A Study in Political Science in the Arab Environment, Dar Al-Gharib, Cairo.
-Al-Otaibi, Tariq bin Musa (2018) Al-Aghtrab (Scientific Philosophical Analysis Study) Riyadh University Library.
-Ibn Manzur, Abu al-Fadl Jamal al-Din Muhammad ibn Makram ibn Ali (1883), Lasan al-Arab, Dar Sader, Beirut.
-Al-Maghribi, Saad (1996) Man and Psychological and Social Issues, Egyptian Public Book Commission, Cairo
-Psychological and social abduction and its relationship to psychological and social agreement
-Al-Hamdi, Ali (2003) Abduction and its relationship to self-confidence in university students, Damascus.
-Shacht, Richard (1980) Al-Aghtrab, translated by Kamil Yousef Hussein, Arab Foundation for Studies, Beirut
-Ali, Bashri (2008) Demonstrations of abduction by Syrian students in some Egyptian universities, Damascus University Journal, Vol.
-Omar, Ahmed Mukhtar (2008) Dictionary of Contemporary Language, World of Books, Beirut.
-Naisa, Raghda (2012) Self-destruction and its relationship to self-security, Faculty of Education, Damascus University.
-Marf, Salam (2016) Religious Alienation (On the Paradox of Being and Thinking), Tehran Printing House.
Second: Academic Letter:
-١In Kurdish
-Qadir, Aram Mohammed (2007) Strangeness in Kurdish Poetry – Lower Kurdish (1975-2000) Master's Thesis, Z. Sulaimani

-Qadir, Sarkawt Saeed (2010) Strangeness in the novels of Salah Omar, Master's letter, Z. Salahaddin, Erbil.
-Saadoun, Saman Ezadin (2009) Artistic Foundation in Latif Helmet's Poems, Kamal Printing House, Sulaimani.
-Mohammed, Suham Qadir (2023) Strangeness in the poems of (Dr. Aras Aziz Abdullah), Master's thesis, Z. Sulaimani
-٢In Arabic
-Al-Mawlid, Ruda bint Bilal bin Omar (2007) Al-Aghtrab in the life of Ibn Daraj and his poetry, Master's thesis, Umm al-Quri University, Faculty of Arabic Language and Literature. The Kingdom of Saudi Arabia.
-Al-Nuri, Qais (1979) Al-Aghtrab and its terms and understanding of reality, Al-Alam al-Fakr magazine, Volume 10, Issue 1, Kuwait.
-Al-San'ani, Abdul Saeed Mohammed Ahmad (2009) The relationship between self-destruction and parental treatment methods for secondary school students, Master's thesis, Faculty of Education, Taiz University - Yemen
-Osman, Ronak Hamid (2008) Cultural Abduction and Its Relationship to Self-Realization in Teaching in Kurdistan Regional Universities, Master's Thesis, Faculty of Education for Humanities, Salahuddin University.
Third: Newspapers and magazines
-Bokani, Sabir (1999) Revolution towards the heart, Raman Magazine, No. (38.(
-Saeed, Naz Ahmad (2012) Ghorbat and its reflection in the poems of Saleem, Rovar magazine, No. 77, Sardam Publishing House.
-Hussein, Tarza (2020) Technology and Society, Gulan Magazine, Articles and Opinion Section No. (45) .Erbil
-Saeed, Edward (1998) The strangeness of the intellectuals, w. Bakr Khoshnaw, Galawezhi New Magazine, No. 10, Sulaimani
Fifth: Website:
-Aswad, Nawzad Ahmad (2024) Terms of Cultural Criticism (Alienation), Kurdistan New (5/12/2024) http://knwe.org/KU/Details/2
Sixth: Interview:
_Haidari, Jawad, journalist, (22/12/2025) Jamal Irfan Library, Sulaimani